مەگەر بەرجوازی کۆمونیستخوازە، تاکو "کۆمونیزم"ی هەبەت و بە خۆجیاکردنەوە ئاوەڵناوی "کرێکار و پڕۆلیتاریا" پێویست بێت؟

هێژن
٢٨ی جولای ٢٠١٨

بەشی یەکەم

خوێنەری هێژا، ئەوەی لێنووسیم سەرنجدانی ڕەخنەیە لەسەر ڕاگەیاندنی "ڕێکخراوی ئۆتۆنۆمیستی کۆمۆنیستی لە عێراق" دەیخوێننەوە، هەوڵێکە بۆ وروژاندنی پرسی (بەرد-لەسەر-دانراوەکانی) نزیکەی سێ دەهە ڕابووردوو، کە بەداخەوە بەدەنگەکردنی زۆرێك لە چالاکانی دوا دەهەی سەدەی ڕابووردوو لە بەرانبەر ئەو پرسانە، بووە بە زەمینەخۆشکەری گاڵتەجارییەکانی ئێستا، هەبەتە سەرنجداندنەکەی من بە پێشینە و ئەزموونی کەسیی و خوێندنەوە و ناسینی خۆم پشتئەستوورە.

پێش ئەوەی کەسێك بپرسێت : ململانێ و کارتبوونی "پارتیی ڕابەرکان" و قەیرانی "کۆمونیزمی کرێکاری" بۆ تۆ چی؟ باشترە ئەوە ڕوونبکەمەوە، تاکو ئەو پرسیارە نەبێتە بڵاندبۆڕی سەرنجی خوێنەر. ساڵی ٢٠٠٨ هاوڕێیەك بە منی گوت "هاوڕێ هێژن ڕەخنەی تۆ زۆر وردەکارە و شێوازت سەرنجڕاکێشە، بۆچی ڕەخنەیەکی چەپ و پێ لە ڕەوتی "کۆمونیزمی حیکمەتی" ناگریت؟" ... گوتم هاوڕێ، "کۆمونیزمی کرێکاری" ئەوا‌وی زووتێپەڕە و تەمەنی لە تەمەنی پاسەك کورتتر دەبێت. من هەرگیز "گوللەی بەزەیی" بە ئەو ڕەوتەوە نانێم، چونکە خەتوانەوەی پێشمەکیانەی خۆی زۆر کاراتر و بە ئەزموونتر دەبێت. ئێستا ئیدی کاتی پاککردنەوەی شۆڕشواری پێشمەکە تواوەکەیە.

هەر ئاوا پێش ئەوەی بچمە بکۆمە شرۆڤەکردنی دەستواژە ناکۆك و پارادۆکسکانی نێو ڕاگەیاندنەکە، پێویستە ئەوە بڵێم، کە لە چێشتی

فەق و دوکانی چەرچی دەچێت، مەگەر ئاگیەنەرانی بزانن، کە خیان خوازیاری چین؛ شەشی کۆمەلایەتی یان هەڵپەی دەستات و مرخگرتن لە دەوڵەتمەندی؛ کۆمەڵی کۆمونیستی یان سیستەمی تاکپارتیی دەستبژێران؛ سیستەمی خەبەروەبەریی سۆڤیەتی [ئینجووەنی] یان فەرمانداریی وردەبەرجوازی لێژێر دەوجامەی کرێکاران؛ کرێکاران شەشگەڵن یان ڕەبەتی دەستی "ئابەرانی پارتییبازی"؟ ئەهریمەنی ئازادیخواز، فریای لایەنگرانی خۆشباوەڕ بکەوێ و نەهێیت ئەو جارەش ڕەدووی کەاوی باببردوو بکەونەوە!

"ڕەکخراوی ئێتەرناتیۆنالیستی کۆمۆنیستی لە عێراق"

ناوی ڕەکخراوەکە لە چەند بارەوە سەرنجڕاکێشە:

"ئێتەرناتیۆنالیستی کۆمۆنیستی"

وەک ناوە باوەکانی دیکەی ڕەوتی بەوابوون بە پارتییایەتی و "پارتیی ئابەر" و پێکهاتەی ئایدیۆلۆجیی لەوانە "دەنگی کۆمونیزم" ، "ئاڵای کۆمونیزم"، ئاڵای شەش"، "ئاڵای ئازادی"، ڕەتکەرەوەی هەموو دەنگێکی دەرەوەی خەیاتی و خەی بە بنەچە و ڕەسەن و دروست و ڕەوا دەبینێت و ئەوانی دیکە نابنەچەیی و ناڕەسەن و نادروست و ناڕەوا دەبینێت، هەر بەو جۆرەی کە لە خاڵی (١٢.) تەوەرەی " بەرنامەی کاری ... – دەستپێکە گشتیەکان " و خاڵی (٩.) لە " تەوەرە سەرەکیەکانی بەرنامەی کاری ..." بە ئاشکرا ئاماژەدراوە.

" لە عیراق "

ئاماژەیە بە ئاراستەی بان-وڵاتیی و بان-"نەتەوەیی" و جیهانی بیرکردنەوە و چالاکیکردنی کەسێک یان گرووپ و ڕەکخراوێک لە هەر شوێنێك نیشتەجێبێت. من نازانم داڕێژەرانی ئەو ئاگیاندنە چەندە تێگەیشتنیان لەو ئاماژەیە هەیە، بەڵام دەنیام لە پاگەندەیەکی ئامیاریی و ئایدیۆلۆجی بەولاوەتر نییە. چونکە بە کردەوە تەواوی تەمەنی ئەوان وەک چالاکانی ڕەوتی "کۆمونیزمی کرێکاری" لە وڵاتانی دەرەوەی عیراق ئەوەی سەلماندووە، کە ئەوان زێر لە کەسانی خە بە "کورد" و "عەرەب" و "ئیراقی"-زان ناسیونالیستترن و هەمیشە "کرێکاران و سۆشیالیستەکانی جیهان" بە پشتیوانی لە خەیان و بەرنامە عیراقی و کوردستانییەکەی خەیان بانگوازدەکەن، بەڵام بە جارێکیش بەشداریکردنی (ناڕەزایەتی و تێکۆشانی شۆڕشی ژیان و کارکردنی خەیان) لە دەرەوەی عیراق بە ئەرکی خەیان نازانن. ئەوەش

بەجگە لە هەکاری بەچووونیی، کەمەك هەکاری دیکەی هەیە؛ دابەاومانەو و داخراویی لانەو "جالیەی عیراقی" و تەکنەبوون بە دانیشتووانی کەمەی پەنادەر، ناکرێکاربوون و کاری لابەلایی و ...تد

کەتایی بەهاری ۱۹۹۳ کاتێك پەژنامەی (مانسووری حیکمەت) بە دروستکردنی "پارتیی کەمونیستی کرێکاریی عیراق" بە من وێك ئەندامی دێکخراوی "دێوتی کەمونیست" گەیشت، هەم لانەو وەامکانی ئەو و هەم لانەو وازنامەیەکی هەژدە لاپەڕەیی بە نەوەندیی "دێوتی کەمونیست"، ئەو پرسیارەم وروژاند : ئەی بەچی لەجیاتی (حککع یان حککک) "پارتیی کەمونیستی جیهانی"* و "لە عیراق" نیەت؟ ئەو کات پرسیارەکەی من نەبووە سەرنجاکێشی خوێنەرانی وەام و وازنامەکەی من و هەر ئاوا ئەو هاوڕیانەش[کە لە ناوچەکانی هەرامان و شارەزوور و سلەمانی و هەولێر و هانیە و ...تد لەتەکیان کەبووەو]، تاکو هەکاری بەشدارینەکردن و نەچوونی خەم بە نەو " پارتیی کەمونیستی کرێکاریی عیراق" بە ئەوان بخەمەوو، کە ئەو کات (ساڵی ۱۹۹۳) بەوابوون بوو بە (دێکخراوەکی جیهانیی) بنکە لە هەموو گۆشەکانی جیهان بەچوون و پێگەیشتنی من بوو. بەداخەوە ئەو کات هەمووان سەرقاڵی خەساخکردنەوە بوون لانەوان "پارتیی کەمونیستی کرێکاریی عیراق" یان "پارتیی کەمونیستی کرێکاریی کوردستان"، کە یەکەك بوو لە پرسیارەکانی مانسووری حیکمەت. ئەوان نەیاندەزانی کە "عیراق"یی-بوون بە هەمان ڕادەی "کوردستان"یی-بوون ناسیونالیستییە و هیچی لە عیراقی-چییەتییەکەی (حشع) و کوردستانیی-چییەتییەکەی (کەەك) کەمتر و زیاتر نییە. بەڕاستی ئەوەی کە پاش چارەکە سەدێك (بیست و پێنج ساڵ) تازە بە تازە ئەو پرسە هەش و ئاوەزی "ئابڕانی پرۆلیتاریا"ی ختووکداوە، شایستەی هەڵەڵە و چەپەڕەزانە.

ناوی دێکخراوەکە لە باری دێزمانییەوە: هەر ئاوا کە بیست و پێنج ساڵە "ئابڕانی پڕۆلیتاریا" بە دروستی ناوی پارتییەکەی خەیان بە زمانی سەرانی "کوردی" نازانن، ئەو جارەش لەسەر کێش و سەروای هەمان "تاس و حەمام" ناوی دێکخراوە ساواکەی خەیان بە هەڵە نووسیوە؛ "حزبی کەمونیستی کرێکاریی عێراق / کوردستان"، "دێکخراوی ئێتەرناتیفی کەمونیستیی لە عێراق" نەك "حزبی کەمونیستی کرێکاری عێراق / کوردستان" و "دێکخراوی ئێتەرناتیفی کەمونیستی لە عێراق".

یەکەم، بەداخەوە پاش دوو دەە بەردەوام داچەکاندنی سەران و ئەندامانی ئەو دێوتە لایەن منەوە، کە (کەمونیزم و کەمونیست) نەك

"کۆمۆنیزم و کۆمۆنیست"، دووەم، داڕێژراوی ئەو ناوانەی ئەوەندە زمان-کێشن، کە جیاوازی نێوان [ناو] و [ئاوەڵناو] نازانن و نازانن کە واژەی (کرێکاریی) لەناو "حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراق / کوردستان" و (کۆمونیستیی) لەناو "ڕێکخراوی ئێتێرناتیفی کۆمونیستیی لە عێراق" [ئاوەڵناو]ن نەک [ناو]. لەبەرئەوە بە دوو (یی) دەنووسرێن و ئاماژەی تایبەتمەندیی ناوەکەی پێش خۆیانن و (ی) دووەم گرێدراوی ئاوەڵناوەکەیە بە ناوەکەی پێش خۆی نەک بە پاشگری (عیراق). بە واتایەکی دیکە ئاماژەن بە جۆریی پارتییەکە، نەک نیشاندانی جوگرافیای چالاکی پارتییەکە! هەر ئاوا لە باری ڕێنووس و ڕێزمان سەراپای ڕاگەیاندنەکە تژیە لە هەڵە و هەزار بارکردنەوەی هەڵە و نەزانیەکانی بیست و پێنج ساڵی ڕابووردوو. لێرەدا من لە هەڵەبژێریی ڕاگەیاندنەکە خەم لادەدەم، چونکە کاتی ئێنجامدانی ئەرکە نییە و ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕێزمانیی و ڕێنووسییەکان بە کەسانی ڕامیار، وەک ژمارەدنی گوێزە، تەنیا سەرئێشە بە نووسەری دەمێنێتەوە.

لێرەدا بەم ئاماژەیە کۆتایی بە بەشی ڕێزمانیی ڕێخنەکەم دەهێنم؛ نووسینی ناوی پارتییەک یان پێکهاتەیەک لەنێوان جووت-کەوانەی گرێدراوەی "ڕێکخراوی ئێتێرناتیفی کۆمۆنیستی لە عێراق"، ئاماژەیە بە دوو شت: یان گواستنەوەی وەک ڕێزمانێنووسەک و گرێیاندنی هەواڵەک لەبارەی دەرەوەی خود، یان گواستنەوەی بەچوون و ئاماژەیەک، کە گوێزەرەوە بە دڕووستی نازانێت و گومانی هەیە. وەک دەزانین داڕێژراوی ئەو ڕاگەیاندنە وەک هەواڵنێر و ڕێنامێنووسەک بەو کارە هەڵنەستاون، هەر ئاواش وەک توانج و گومان بڕانبەر بە ڕاستگۆیی خۆیان بەکاریانەنبردووە، ئەوەی دەمێنێتەوە، کێشییە لە زاینینی هۆنەر و بنەماکانی نووسین، کە هەر هیمایەک بە مەبەستێکی دیاریکراو دانراوە، هەر ئاوا کە بە گوێچکە نان ناخوڕێت و بە چاو هەناسە نادڕێت!

" وەك هەوتك بەرەو پێكهێنانی حزبێكی سیاسی كۆمۆنیستی پرۆلیتاری تاكو بەستنی كۆنگرەی دامەزرێنەری حزب لە داهاتویەكی نزیكدا."

ئەوەی پاش بیست و پێنج ساڵ لە هەبوونی " پارتیی کۆمونیستی کرێکاریی عیراق" و فریودانی خەڵک بە هەمان پاگەندەکانی ئێستای هەوڵی دڕووستکردنی پارتییەکەی دیکە و جیابوونەوە و دڕکردنی دەرزێنەک پارتییەکەی دیکە لەناو پارتیی دایک، تازە بە تازە "ڕابەران"ی "پارتیی ڕابەر" دەن و واژەی "پڕۆلیتاری" دەخێنە شوێن

واژەی "کرێکاری"، هەبەتە بە بۆشنکردنەوەی هەکارەکەی؛ ئایا ئەو دوو چەمکە هاوواتای یەکدین؛ ئەگەر ئاوایە، بۆچی واژە باوەکە بەکارنابراوە؛ ئەگەر جیاوازن، جیاوازییەکیان چییە؛ ئایا بە خۆجیاکردنەوەیە لە پارتیی دایک؛ یان نائومێدبوونە لە ناوەتە ئامیاریەکە "کۆمونیزمی کرێکاری" ؟ ئەگەر دابڕانە لە نەریتی چەپەتی دروستبوون و کارکردنی پارتیی دایک، ئەی بۆچی لاسایی هەمان شێواز و ئاگەیاندنی ئەو و باقی جیابوونەکانی ئەو دەکەنەوە؟ ئایا ئەوە لاساییکردنەوەی خشکەییانەی ئاگەیاندنی "بزووتنەوەی بنیاتنانی حزبی کۆمونیستیی عیراق" نییە؟ ئەگەر دروستکردن و سەرهەڵدانی پارتییەک پێژەیەک و زەمینەسازی خەیی و بابەتیی دەخوازێت، چۆن دەتوانن بە بە سەمینەوە و گومان ئابگەیەنن " تاکو بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەری حزب لە داهاتویەکی نزیکدا." ؟ ئەگەر ئەوان لەوە دنیان، کە بەو زووانە کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتییە ئایدیالەکە دەبەستێت، ئیدی بۆچی ئەو فەقە لە خەڵک و خوێنەر دەکەن و ئەو پێچاوپێچییە دروستدەکەن؛ ئەوان کە بەو ئاگەیاندنە مژدەی دەبەخشن و لە نزیکی کۆنگرەکەشی دنیان، هەر ئاوا بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش لەنەو پێژەنامەکەی مانسووری حیکمەت هاتبوو؛ بزووتنەوەی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەر یەکلاییکرابووەوە و مژدەدرابوو، ئیدی بۆچی بە پێچاوپێچ و پەردە پارتییەکەکەی خۆیا ئاناگەیین. ئەوەی لە بیست و پێنج ساڵی ئابوردوو خۆنەگرانە ئاگەیاندنەکانی ناوەتی "کۆمونیزمی کرێکاری" خوێندبێتەوە ئاگاداری جیابوونەوە و دەرکردنەکانی نەو پارتییەکانی ئەو ناوەتە ببێت، ئەوا ئەوەش دەزانێت، ئەوە هەمان فەقەی بیست و پێنج ساڵی پێشترە و تەنانەت خۆشیان لەوە دنیان کە گوگر و خوێنەریان نابێت و لە پارتیی دایک مایپووچتر دەبن. چونکە سرووشتی پارتییایەتی و بەتایبەت ناوەتی "کۆمونیزمی کرێکاری" ئاوایە، کە هیچ کات دوو کەس ناکات بە سێ کەس، بەڵکو هەردەم سێ کەس بە دوو کەس و یەک کەس دەکات؛ جیابوونەوە و دەرکردنی دەرزەنەک پارتیی و فراکسیۆن و ناوەت لەنەو هەر دوو پارتیی "کومونیزمی کرێکاریی عیراق و ئێران" باشترین بەڵگەیە.

لەبەرئەوە جیابوونەوە و دروستکردنی پارتییەکی دیکە و خولاندنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی خۆشباوەڕ لەنەو بازنەی پارتییایەتی، سەرەنجامەکەی هەمان سەرەنجامی "جیابوونەوە و گەڕانخوازیی و ئیفڕەمکە"ی نەوشیروان موستەفا دەبێت. هەبەتە بە کەسانی "خەبەرابەر-زان" و خەڵک بە گەل-زان" ئاسایی، چونکە کەسانی ناوبانگخواز بێجگە لە ئامیاریکردن هیچی دیکە نازانن و هەموو ناکۆکیی و ململانێ و جەنگەکانیان لەپشتاو ناوبانگ و دەسەڵات و

مشخڕیی دەستەبژێرییە.

" دەستپێکە گشتییەکان – بەرنامەی کاری سیاسیمان "

خاڵی یەکەم تاکو خاڵی پانزەهەم، فرەتر لەکدانەوەی ئایدیۆلۆجیی بار و دۆخی عیراق دەبن، تاکو بنەماکانی کار. خوێندنەوەی وریا دەتوانێت سەرنجی دەسپاچێیی داڕێژەرانی ئەو ڕاگەیاندنە بدات، کە تێنانێت توانای دیتنی جیاوازی بنەماکانی کار و لەکدانەوەی بار و دۆخیان نەبووە. وەک چێشتی فڕقە هەر کەس و لەرە و لەوە چەند دەستەواژەیەکی هەناون و لەنەو ڕاگەیاندنەکەی ئاخنیون. هەبەتە ئەوەش بەم ڕاگەیاندنەکە نمایانی هێزمووندی ڕەوتە ڕادیکاڵەکانە [لە کۆمونیست بگرە تاکو ئەنارشیست] لەسەر داڕێژەرانیی ڕاگەیاندنەکە؛ بە نموونە گەڕانەوە بە سەر مارکس و بەخشکەیی خۆدەربازکردن لە سایەی حیکمەتیزم و تێنانێت لێنین'یش وەک هێزمووندی کۆمونیستە جیهانەوەکان، ئاماژەدان بە شێشی کۆمەڵایەتی و خەباتەوەبەریی وەک هێزمووندی ئەنارشیستەکان …تد. سەرباری ئەوەش هێشتا ڕووگیریی و هێزمووندی حیکمەتیزم'یش بەدیدەکرێت. ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە باڵ و فراکسیۆنە جیاوەبوو و دەرکراوەکانی پێشتری نەو پارتیی دایکیش ساڵی ١٩٩٦-٢٠٠٠ بە هەمان شێوە سەرتا نیاندەتوانی ئەوە ڕابگەیەنن، کە (تێزەکانی حیکمەتیزم) نەزەک دەرچووون و تەنیا بە پارچە پارچەکردن و پرش و بڵاوکردنی بزووتنەوەکان بکەک دەن.

"1. ئامانجی ڕاستەوخۆ و هەرئێستای خەباتگێڕان، نوێنەرانی چینی کرێکار وبەبەشان وبەزەر هەژارکراوان ئەمڕۆ لەعێراقدا ئاوگۆی سیاسیە ، ئاوگۆی بەڕێوەبردنی کۆمەگا ودەسەڵاتی سیاسیە ، بەڵام ئەوکارە ڕونادات بەبێ گۆڕینی دەسەڵاتی چینی باڵادەست."

" ئاوگۆی سیاسی " چییە؛ئەی چ ئاوگۆێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بە چین و توێژە پێلیتەرەکان بەدیدەهێنێت؟ ئایا خێکی عیراق تەر و تەسەڵ و هیچ ناڕەزایەتیی و داخوازیی ئابووریی نییە و تەنیا گرفتی ئەو گۆڕینی سەرۆرەکە بە سەرۆرەکی دیکە؛ ئەی جیاوازی سەرۆریی سەرۆرانی ئێستا و سەرۆریی "ڕابەرانی پارتیی ڕابەر" چییە، بەجگە لە نگۆڕینی و چل مانی باری سەرشانی چەوساویان؟

چینی دەسەڵاتدار چێن دگۆڕدرێت؟ ئەگەر بەیارمەت گەڕانەخوازراوەکە جگۆکی دەسەڵاتخوازان بێت، جیاوازی دەسەڵاتدارانی

"مارکسیست-کۆمونیست" و دەسەڵاتدارانی " عەشایر و قەومی و دینی" چییە؟ ئەو جۆگەکەیە لە بندەستیی زرینەی کەمە چی دۆگمات، جیاوازی چییە سەروەر چەپ یان ڕاست، کۆنپارێز یان سۆکیولاریست بێت؟

بەبێ گۆڕینی بنەماکانی سیستەمی ئابووریی، چۆن سیستەمی بەڕێوەبردن دۆگمدرێت و چۆن هەژموونی داراکان لەناودەبردرێت؟ بەبێ ئامادەیی کولتووریی و کەمایەتیی ئەندامانی کەمە بۆ گۆڕینی سیستەمی ئابووریی، چۆن سیستەمی ئابووریی دۆگمدرێت؟ بەبێ لەناوبردنی دژگۆ و پێکهاتە پارێزەرکان [سیستەمی دەوڵەتی و فەرمانداریی و پارتییایەتی] چۆن سیستەمی ئابووریی مشەخۆرانە لەناودەبردرێت و چۆن گۆڕانی شۆشگێڕانەی کەمایەتیی ڕوددات؟

"بەڵام ئەوکارە ڕونادات بەبێ گۆڕینی دەسەڵاتی چینی باڵادەست." …

ئایا گۆڕینی چینی سەروەر بۆ چینێک یان ڕاستر بڕین بۆ سەروەریی دەستەبژێری "خۆ بە ڕابەر-زان" چی لە پرسی چینایەتی کەمە و چەوساوەی دۆگمێت؛ ئایا ئەژموونی هەفتا ساڵەی ڕوسیەی بەلشەڤیکی و بلۆک و هاوپەیمانی وارشۆ بۆ تێگەیشتن لە "هەمان تاس و حەمام"بوون بەس نییە، کە بۆ کردەوەی ئەوەی نیشاندا، "پارتیی و فەرمانداریی و دەوڵەتی ڕابەر" جۆگەی چینی بۆرجوازی دەگرنەوە و سەراپای کەمە دەبێتەوە بە پڕۆلیتاریا [چین و تۆژە نەدار و کرێگرتە و بندەسەڵاتکان]؛ یان کاسپییە ڕامیاریەکەی "خۆ بە ڕابەر-زانان" ئەو خۆگلکردن و نادیدەگرتنە دەخوازێت، چونکە تێگەیشتنی خۆکی چەوساوە [پڕۆلیتەرکان] لە کۆکی پرسکان و کێشواری ڕوداوکانی یەک سەدەی ڕابووردوو بە پڕۆکانی دەسەڵاتخوازیی ئەوان زیانی دەبێت؟

" 2. چینی باڵادەست لەعێراق ، …تد "

ئەی ئۆگەر ناوازەی مێژووویی ڕوبدات و سبەی پارتییە مژدەدراوەکەی نەو ئەو ڕاگەیاندنە بندەسەڵات بگات، جیاوازی ڕێکخستنی سیستەمی ئابووریی و پێکهاتەکانی "دەوڵەتە پڕۆلیتەرییەکە" و دژگۆکانی لەتەک ئەوەی ئێستای عێراق هەیە یان سەردەمی لەنین تاکو گۆڕباچۆف هەبوو، چی دەبێت؛ ئایا هیچ سیستەمێکی ڕامیاریی بەبێ سیستەمی ئابووریی [بنەمای ئابووریی] بوونی هەیە؛ دۆکرێت ئەمەی خوێنەر بزانین، بنەمای ئاوگۆ و سیستەمە ڕامیاریەکەی پارتیی مژدەدراو چییە و لەسەر چ بنەمایەک ئەمەی نەزان بە بڕێنی سەرخەرمانی "خۆ

بە ئابوری-زانایان" بڵوابکەین؟ چ مسۆگەرییەک هەیە، کە دەستکەوتەکانی سیستەم و ئامیاری (سوور) لە دەستکەوتەکانی سیستەم و ئامیاری (مار و قاوەیی) جیاواز بێت، ئەگەر ئاوا کە ئێزموونی پێوسیە نیشانیدا؟

" 3. کۆمەڵگا لەئەنجامدا کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریە ، ..... بە بێ ئەوەی خاڵی دەستپێک لە هەڵبژاردنەی عەمەلی پەیوەندیەکانی سەرمایە وەک سەرەکی چینی کرێکار لە دەستنیشان کردنی چارەنوسی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دەستپێنەکات . "

ئاگاڕ چینی کرێکار وەک چەوساوەترین تۆژی پڕۆلیتاریی لەنێو پارادۆکسەکانی پارتییایەتی چەپ دەربکەشین، بەدڵنیاییەوە بەشی هوشیاری ئەو چینە پێشکەوتیی و چارەنووسسازی هەیە، کە هوشیاریەکەی وەک هوشیاریی هەر تاک و تۆژ و چینێکی دیکە، زادەی پەگەی خایەتی لەنێو پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی و تێکۆشانی ئابووریی و بەرنگدانەوەی ئێزموونەکانی تێکۆشان و ململانێی هەر بەژەی خایەتی دژی داگیرکەرانی هەش و کار و زەمین و سامانی کۆمەڵایەتیی و بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵ. دەرککردنی ئەو چارەنووسسازی پڕۆلیتاریکان [هەبەت ئاگاڕ هوشیار و شۆشخواز بن] لەلایەن ئامیاران بەگشتی و دەستاخوازانی وردەبۆرجواز بەتایبەتی، لە ئاپۆینی گەورەی فەرەنسە تاکو ئێستا بە چەند هەوسارێ جیاواز خۆی نیشانداوە؛ هەر لە سۆشیال دەمۆکراسی تاکو لەنینیستەکان و حیکمەتیستەکانی ئەم سەردەمە، بە ئەو مەبەستە لەپێناو قەستنەوەی خۆشباوەڕیی پڕۆلیتاڕە ناهوشیارەکان هەوەدراوە و تاکو ئادیکی زەریش ئەو هێوت و ئاراستانە توانیوویانە تێکۆشان و هەوڵی پڕۆلیتاڕە ناڕازیە ناهوشیار و خۆشباوەڕەکان بخەنە خزمەتی مانەوەی سەروەریی چینایەتی بە جۆگەکپێکردنی لەنێوان چەپ و ڕاستی دەستاخوازان بە دیان ناو و هەوسارێ جیاوازەوە. بەڵام هەر هەموو ئەو هێوتە دەستاخوازانەی ژێر دەوجامی کۆمونیزم یەک کۆکی ئایدیۆلۆجیی پە پارادۆکسی هاوبەشیان هەبووە و هەیە، کە لەنێو ئەو چەند پاگەندە هەڵخەڵتێنەرانەی خۆی بەرجەستەدەکات: " کرێکاران شۆشگێڕترین چینی چەوساوەن و هێزی سەرەکی و چارەنووسسازیان هەیە، بەڵام بە هێکخستن و تێکۆشان و شۆش، پێویستیان بە ئابڕیی کۆمونیستەکان هەیە، چونکە ئەوان بەشی هوشیار و پێشڕەوی کۆمەڵن"
ئەو پوختەی بەچوونی پارتییچیەکانە لەبارەی چینی کرێکار و هوشیاری شۆشگێڕانە و شۆش. بە شێوەیەک لە شێوەکان لەنێو گوتار و بەچوونی هەموویان ئامادەیی هەیە. دەکرێت هێواتی داشتن و

دربینەکانیان جیاواز بێت، بەڵام کۆکی هەموویان یەک شتە؛ کرێکاران لەنێو شەش هێزی چارەنووسسازیان هەیە، بەڵام بەخێبان دەبەنگەن و پێویستیان بە پشتیوانی وردەبرجوازی هەیە. ئەو پارادۆکسە لەنێو بۆچوونی بابەفیستەکان و بلانکییەکان و سۆشیال-دەمۆکراتەکان و مارکسیستەکان تاکو چەپە حیکمەتیستەکانی ئەم هێژگارە ئامادەیی هەیە و تەنانەت ئەم هێژگارە لە سایەی ئیدئۆلۆگەکان واوەتر لە بۆچوونەکەی کاوتسکی هێیشتووە.

" 4. وەهامدانەوە بە قەیرانی هەر ئێستای کەمەگا و ... بەبێ شەشی کەمەایەتی چینی کرێکار ... "
مەبەست لە "شەشی کەمەایەتیی" چییە؟ ئەگەر شەشی کەمەایەتیی چینی کرێکار بنەمایە، ئیدی پێداویستی و پاساوی هەوێدان بە دروستکردنی "پارتییەی ئاڤانگارد" چییە، کە ئامرازێکی ئامیاریین بە بەدەستهێنانی دەسەاتی ئامیاریی؟

بە هەر خوێندنەوەیکی وردبین و ئاگاداری پێشینە و سەراپای بۆچوونەکانی هێوتی "کۆمونیزمی کرێکاریی" ئەوە دێتەبەرچاو کە چەمکی (شەشی کەمەایەتی) لەنێو ئەدەبیاتی ئەو هێوتە نامۆیە و ئەوان لە سەرهەڵدانەوە تاکو ئێستا لەسەر هەڵپەی دەسەات و گۆڕینی دەسەاتی ئێستا بە دەسەاتی خۆیان، هەبەتە لەژێر دروشمی "کرێکاران"، پێداگریدەکەن و تەنانەت بە کردەوەش هەر بزووتنەوە و هێوتێکی جەماوەریی و کەمەایەتیی سەریهەڵدابێت یان بە کۆکردنەوەی هێزەکانی [یەکێتی بێکاران و یەکێتییە کرێکارییەکان و ... تد لە هەرێمی "کوردستان"]، یان بە دژایەتیکردنی هێزەکە، وەک دژایەتیکردنی بزووتنەوە و هێوتە کەمەایەتییەکانی ژینگەپارێز و ئاشتەوایی کەمەایەتیی و لەبوردنی سزادراوان بە سەدان و دایکی ئاشتی و ..تد نەوێران . ئەوان ئاگایانە دژاتی بزووتنەوە کەمەایەتییەکان دەکەن، چونکە پەرسەندنی بزووتنەوە و شەشی کەمەایەتی، واتە چەبووونی بازاری ئامیاریی پارتییبازان.

وەک پشتر ئاماژەمداوە، خاڵەکانی دواتر تەنیا لەکدانەوەی ئایدیۆلۆجیی و پێوانەی کەمەن بگوترێ حزبی ئایدیۆلۆجیی و کڵشەسازیی ئایدیۆلۆجیی نووسرانی ئاگیاندنەکە. لەبەرئەوە، تەنیا سەرنجدەخەمە سەر چەند دەستەواژەیەک لەنێو ئەو خاڵانە و لەکدانەوەکان بە مشتومڕی نێوان پارتییچیان خێبان دەسپێرم:

"7. ..... بەتە هێی بەرپابونی خەباتی ئابوری کرێکاری بەردەوام وناەزایەتی جەماوەری ....."، که ئەمە خێی دەبەتە زەمینەیەك بۆ هەر

هاپەینەکی شۆشگۆڕانەی جەماوەری بۆ کۆتایهێنان بەم بارودۆخەی ئێستا وکۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە فەرمانڕەوایە . ... جیاکردنەوەی ڕێزی ناڕەزایەتیەکان وخەباتە کرێکاری وجەماوەریەکان لە ئامانج وئەجێنداو ئاسۆی هێزو هەوتە بورژازیێ کۆنەپەرستە دینی وتایفی وعەشایری وقەومی وێفڕمیستە جڕاو جڕەکان وسیاسەتە عەمەلیاکانیان، بەشێکە لە بەجهێنانی ئەم پڕۆژەیە بەرەو سەرهەدانی بارودۆخێك وقەیرانێکی شۆشگۆڕانە لەسەر ئاستی کەمەگا."

پڕشینان گوتوویانێ "کورد بدوێنێ و شیکاریی خێی دێکات". بۆاستی ئەو پێندێ لێبارێی سڕانی "پارتییێ هابڕکان" بگشتی و هەوتی "کەمونیزمی کۆنکاریی" بتایبەتی تەواو دروست و گونجاوێ. ئەوێ کۆکی دەسەڵاتخوازیی، کێ لێبڕاو نزیکیی تەزکانی خێی ئاوازخوازی برسیبوونی خۆکێ، تاکو زەمینەی بدەسەڵاتگێیشتنی خێی مسۆگڕبکات. هۆبەتە ئەوێ ڕاستییەکی تێدا هەیە، کێ پۆلیتڕی ناهوشیار و خشباوۆ و نائومێدکان لێ سڕدەمێ تەنگژییەکان بێشاو لێ هەوتێ فاشیستێ ڕاست و چەپەکان هوودکەن. بۆام هەرگیز ئاراستێ و خواستەکی شۆشگۆڕانیان نییێ، چونکێ برسییەتی و بێکاری و ئاوارەیی و ناچاریی و نائومێدیی ... تد شۆشگۆڕیی بڕهەمناهێنن، بەڵکو دژێ-شۆش بەهێزدەکەن، کەبەکەی نەوان کڕگرتان بەهێزدەکەن، شکانەوەی هەکاری نەهامەتییەکان بەسەر بێشکانی دیکەی هاوچین و هاوڕدان هودەدات، هەر وەک ئێستا کێ لێایەن پۆلیتڕی ناهوشیارکان پۆلیتڕی کۆچڕکان دەکرێن بێ هەکاری نەهامەتییەکانی خێیان. بۆام هیچ کام لەو ئەزموونانێ بێ دەسەڵاتخوازان نابنێ وانێ و ئەوانیش وەک پارتییێ هاستەوکان لەسەر ئەو ناهوشیارییێ سڕمایەگوزاریدەکەن و دێکەنێ بڕدبازی پۆنەوێ بەو کێشکی دەسەڵات و مشخڕیی.

" هاپەینەکی شۆشگۆڕانەی جەماوەری " کامێ و "پارتیی هابڕ" و قسەکڕانی چ پەوڕەک بێ شۆشگۆڕیی هاپۆینەکان دەکەنێ بنەما؟ مەبەست لێ" جیاکردنەوەی ڕێزی ناڕەزایەتیەکان وخەباتە کرێکاری وجەماوەریەکان " چییێ، بێ پارتییکردنی بزووتنەوێ و هێکخستنێ جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکان و بەکاربردنیان وەک هێکخراوێ پاشکۆکانی دەسەڵات و پارتییێ "ناسیونالیستەکان"؟ جیاوازییەکان چین، ناو و ناتڕیان شێوازی هێکخستن و تەکنیشان و میکانیزمەکانی تیکنیشان؟

" 8. ... چینی کرێکار دەخالەتی نەکردوە، لە مشت ومڕی سیاسی بۆرووی بورژازی، وەك چینێك کە سیاسەتی سەربەخۆی خۆی وبەدیلی سیاسی خۆی هەبێ بۆ کۆمەڵگا. ... لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوەزایەتیە کرێکاریەکان و بزوتنەوە داخوازیە کانیان بەردەوامە ، بەڵام نەیانتوانیوە ببێ خۆیان بگەیەن بە ڕاستای بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان "

بڕشداریکردنی مشتومڕی ڕامیاریی چییە و لێپێناو چی؟ ڕامیاریی سەربەخۆی چینی کرێکار چییە و ئەنجامە ناتیقێ ڕامیاریێکانی کامانەن، کە دەبوو کرێکاران بیکەن، بەڵام نەیانکردووەن؟ ئەی بیست و پێنج ساڵی ڕابوردوو جگە لە "ڕابەرانی فیعلیی" چینی کرێکار لە کوێ بووەن و خەریکی چی بووەن؟ مەگەر ئەوان نەبوون "کرێکاران پێویستیان بە پارتیێك هەیە، تاکو ڕابەریی تێکۆشانی ئەوان بکات" و بیانشکێنێ و ژیان و کار و شکڵ بە ئەوان دیکتە بکات، ئەی بیست و پێنج ساڵە ئەوان لەنێو (حککع) بڕیاردەر و قسەکەر و نەخشەژێز نەبووەن، بە ڕابەریی کرێکارانی "نەزان و دەبەنگ" یان نەکرد؟

یان هەکارەکە ئەوەیە، کە "ڕابەرانی بلفعلی" کرێکاران ناخوازن هەکارەکە بیدرکێنن، چونکە بە پەزێکانی "پارتییی ڕابەر" زیانی هەیە و هەکارەکە ئەوەیە، کە کرێکاران وەك زادەی سروشتی تێکۆشانی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی خۆیان بەو سەرئنجامە گەیشتوون، کە ڕامیاریی هونەری فریودانی چەواشاوانە بە مسۆگەرکردنی و پاراستنی سەروەریی ڕامیاران و سەرمایەداران و سیستەمی ڕامیاریی قۆفزی ژیان و ویست و ئازادیی مرۆڤ و تەنانەت بوونەوەرەکانی دیکەیە و دەسکاتی ڕامیاریی ئامرازی پاراستنی سەروەریی ئابووریی کەمینەیەکە لەسەر زەرینەی نەدارکراو و بەدەستهاتکراو، ئەوەش خەباتە واتە دژایەتی خوون و خەیاڵ و ئامانجە دەرینەکانی پڕلیتەرە شۆشگێرەکان!

بۆچی کرێکاران وەرای بەردەوامیی بزووتنەوە و ناڕازایەتییەکانیان، نەیانتوانیوە ببێ سەربەخۆی خۆیان بگەڕن؛ ئەو گرنگییان دەرکنەکردووە، دەستهات ڕگربووە یان چەپەکان لە دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوردو و دەهەی یەکەمی سەدەی بیست بە پلانگێیی و تاکتیکی جەراوجەر، بزووتنەوە و ڕکخستنە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانی کرێکارانیان کۆنکردن و مراندن؟

کرێکاران نەزان و تەمەڵ و ناشۆشگڕن یان چەپی دەستهاتخواز بووە بە هۆی دابەشکردنی نێزکانی کرێکاران بەسەر سەکتە

ئایدیۆلۆجییەکانی خۆی و لاوازکردنی بزووتنەوەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کرێکاران و نائومێدکردنی کرێکاران لە گۆڕینی سیستەمی چینایەتی، بەهۆی شکست و پارچەپارچەبوونی یەک لە دوای یەکی ڕێکخراو و پارتییەی "کۆمونیستی" و "کرێکارییەکان"؟

"9 . لاوازی ڕۆڵی ژنان لە ژیانی سیاسیدا کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر بەدواوەچونی بزوتنەوەی سۆشیالستی وچەپ بەگشتی ، هەروەها لەسەر بزوتنەوەی ئزگاری خوازی ژنان بە شێوەیەکی تایبەت. دروشمی بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی بەهێزوتوانا بوونی نیە بە بزوتنەوەیەکی ئولەسەری ئزگاری خوازی ژنان، وە بزوتنەوەیەکی ئولەسەری ئزگاری خوازی ژنان بوونی نیە بەبێ بەدەستەوەگرتنی سۆشیالیزم، "

" بەدواوەچونی بزوتنەوەی سۆشیالستی وچەپ بەگشتی ، هەروەها لەسەر بزوتنەوەی ئزگاری خوازی ژنان بە شێوەیەکی تایبەت " چییە؛ چۆنبوونی بازاری چەپ و پارتییایەتی یان نائومێدیی ژنان لە ئزگاری؟ کە بزووتنەوەی ژنانی لاواز و نائومێدکرد، "لاوازی ڕۆڵی ژنان لە ژیانی سیاسی" یان بە ئامیارییکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی و ئابوروویی و کولتووریی ژنان؟ کە ڕێکخراوی ژنانی پووکانەوە و لەناوبرد، لاوازیی و نەبوونی حزبی ژنان بە چالاکی ئامیاریی یان بە کۆمیتەکردنی ڕێکخراو و بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخواز بە "پارتیی ئابر"، کە داڕێژرانی ئەو ئاگیاندنە قسەکەر و بیاردەری یەکەم بوون؟

بە پێچەوانەی پاگەندەی داڕێژرانی ئەو ئاگیاندنە، ئەوەی بە کردەوە دەینین و دیتوومانە، شکانی بازاری چەپە وەک هەر هەزکی ئامیاریی کە بە فریودانی ژنان و ئامکردنیان هەوەدەدات. ئەوەش شتێکی ئاسایی و ژنان لە پیاوان هەستەوەرتن و کەمتر بە ڕێبەت دەکرێن. هەر ئاوا لە دەرەوەی دەرزنە پارتییە جیاوبووەکانی "کۆمونیزمی کرێکاریی" بزووتنەوەی ژنان بوونی هەیە و بەهێز و دیاردەی نەو کۆمەڵە و لە ئاستی سەرتاسەریی کۆمەڵە خەریکی ململانێی ڕەوتە کۆنەپەرستەکان و نەرسالارییە!

بەڵام هەشتا ئەو قسەی ئەوان ڕاستییەکی تێدا هەیە، چونکە دەرزنە پارتییەکانی "کۆمونیزمی کرێکاری" و گشت گرووپ و پارتییە چەپەکان، تەنانەت ئەندامە ژنەکانی خۆشیان لەدەستداون و چیدیکە دروشمە بریقەدار و بکردەوەکانی چەپ ناتوانن سەرنجڕاکێشی ژنانی ئازادیخواز و سەربەخۆخواز بن.

ئەوی ڕووتی "کۆمۆنیزمی کرێکاریی" و دەرزێنە پارتییە جیاوازووکانی بناست، دەزانێت، کە مەبەستی ئەوان لە " بزوتنەوەیەکی ڕۆلەسەری ژگاری خوازی ژنان بوونی نیە بەڵکو بەدەستەوەگرتنی سۆشیالیزم " ئەوەیە کە بزووتنەوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیی و ئابووریەکانی ژنان ببنە کۆمیتەی "پارتیی ڕابەر" و هەرچی ڕاگەیەنراندنی ئەو ڕاگەیاندنە بڵێیددەن، ئەوان وەک دەروێشکی ڕامیاری ئەنجامیبدەن.

"10 .. …. بەڵام مەرجی بوونی چینی کرێکار بە هێزکی سیاسی لەکۆمەڵگادا بەندە بە هەڵکشانی خەباتی ئابوری و سیاسی و فکری ئەو چینە بۆ خەباتێکی چینایەتی کرێکاری سۆشیالستی، بۆ خەباتێکی سیاسی چینایەتی کرێکاری بەووی چینی بۆرژوازی وحزبەسیاسیەکانیان وبەووی دەوڵەت وەك ئامرازی دەسەڵاتی چینی بادەست. …"

بەبۆچوونی من و بۆ گوڕی ئزموونی من، مەرجی ڕامیاریی-بوونی کرێکاران و تێکۆشانی کرێکاران، وازهێنانی ئەوانە لە تێکۆشانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنگەریی ئەو چینە و ئێندامەکانی. چونکە ئزموونی تێکۆشانی چین و توێژە پڕۆلیتەرەکان بگشتی و کرێکاران بتایبەتی بە کردەوە و سڵماندی مژووویی ئەوی نیشانداوە، لە هەر کوێ کرێکاران بە پارتییایەتی و ڕامیاریی خۆشباوڕێ هەبن و لە دەوری پارتییەکان و ڕامیاران کۆببنەوە، لەوێ تێکۆشانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووری و ڕۆشنبیریی ئەوان بەرەو ژەر سفر دەچێت ولە هەر کوێ چین و توێژە پڕۆلیتەرەکان بگشتی و کرێکاران بتایبەتی لە خڕێکخستنی سەربەخۆی کۆمەڵایەتیی و جەماوەریی و تێکۆشانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و ڕۆشنبیریی ڕووبنەن، لەوێ بازاری پارتییایەتی و ڕامیاران چڕ و شکستخواردووە. لەو بارەوە دەتوانین سەرنجی ئەو سەردەمانە بدەین، کە تێکۆشانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و ڕۆشنبیریی و خەرێکخستنی کرێکاران لە هەڵکشاندایە، لەوێ چەپەکان گارگاری "پێویستبوونی پێکهێنانی پارتیی ڕابەر و تێکۆشانی ڕامیاریی" دەکەن و هیچ کەس بە کاوی ڕامیاریانەی ئەوان هیچ ناپەوێت ؛ سەردەم دڕوشاوەکانی سەدەی پانزە تاکو سەدەی بیست، باشترین نموونەن؛ ڕاپەڕینەکانی کۆمۆنەی پاریس ۱۸۷۱، ئۆکتۆبەری ۱۹۰۵، ئاڵمانیا ۱۹۱۸-۱۹۱۹ ، ئسپانیا ۱۹۳٦-۱۹۳۹، هەنگاریا ۱۹۵٦، پۆڵەنیا ۱۹۷۹، ئەرژەنتین ۱۹۹۹-۲۰۰۳، …تد

"11 . …. ئەوە دەتوانێ خەباتی ئابوری وسیاسی چینی کرێکار و توێژە زەحمەتکێشەکان وا لێبکات ببنە خاوەنی هێزوتوانا وەکیان بخات لە

خەباتێکی سیاسی سەربەخۆ وکاریگەر بۆ ڕوخانی دەوڵەتی بۆرژوازی وپێکهێنانی حکومەتی کرێکاری تاکو دەست بەرێ بە شۆڕشە ئابوری وکۆمەڵایەتیەکەی … و هەنگاوبنێ بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی، ئازاد ویەکسان. "

ئەگەر کرێکاران چینێکی شۆڕشگێڕی ئاوان، کە ڕزگاری مرۆڤایەتی بە شۆڕش و ڕزگاری ئەوانەوە پەیوەستە، ئیدی چ پەیوەستیان بە پارتییەکی دروستکراو لەلایەن کۆمۆنیستەکان وردە بۆرجوازی ئایدیۆلۆجیگەر هەیە؛ یان کرێکاران "دەبەنگن" و بەبێ ئاڕیی وردە بۆرجوازی توانای شۆڕشیان "نییە"؛ یان پارتییەکی وردە بۆرجوازی بۆ کۆنترۆڵکردنی توانا و شۆڕشگێڕیی کرێکارانە؟

ئەگەر کرێکاران توانای هێشیی و ئاوەزیی شۆڕشکردنیان نەبێت، زۆر ئاسایی، کە وردە بۆرجوازی خۆرخواز پارتییەک بۆ "کرێکارانی دەبەنگ" چێبکات و "لۆتکەی یەزدان" کرێکاران "ڕزگاربکات". ئەگەر کرێکاران ئەوەندە بێ توانان و شۆڕشگێڕترین چین و ڕزگارکەری مرۆڤایەتین لە چەوساندنەوە و کۆمۆنیزم دەگەیەنن، ئیدی گارەگاری "پێویستی هەبوونی پارتییەکی ئامیار بۆ ڕزگارکردنی کرێکاران و بەرەوپێشبردنی شۆڕشی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی " بەجگە لە درۆ و دەڵەسەی وردە بۆرجوازی لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات گەیشتن و زاڵبوون بەسەر باڵکانی دیکەی بۆرجوازی و بەهێزکردنی سەروەریی چینایەتی [دەوڵەت] لەژێر دەوجامەی "پڕۆلیتاریا و کرێکاران و سۆشیالیزم"، هیچی دیکە نییە و نابێت. تکایە وەڵام "کرێکاران دەبەنگن" یان وردە بۆرجوازی لەژێر دەوجامەی کرێکاران خۆریکی خەگەیاندە تەختی سەروەریی و مشخۆریی چینایەتییە؟

" 12 . هەوتە سۆشیالست وکۆمۆنیستەکان لە عێراقدا نەیانتوانیوە ئامرازێکی خەباتگێڕانە دابین بکەن بۆ چینی کرێکاروسیاسەتێکی سۆشیالستی کە پەیوەندیەکی فیعلی هەبێ بە خەباتی چینایەتی کرێکاری و گەشەپێدانی بخۆنروو . هەروەها لاوازی هەوتی سۆشیالستی لەناو چینی کرێکاردا بۆتە خاڵکی لاوازی سەرەکی لەناو بزوتنەوەی چینی کرێکار ولە بوونی چەپ وبزوتنەوەی سۆشیالستی لەسەر ئاستی خودی کۆمەگەش . "

هەوتە "سۆشیالست وکۆمۆنیستەکان لە عێراق" کێن؟ ئایا داڕژرانی ئەو ئاگایاندنە بەجگە لە (حککع) بڕوایان بە سۆشیالیستیی و کۆمۆنیستبوونی هیچ هەوتێك هەبوو و هەبووە، تاکو ئێستا یەخێ ئەوان بگرێت؟ بەجگە لە خودی ئاگایەنرانی ئەو ئاگایاندنە و هەوتی

"کۆمونیزمی کرێکاریی" و (حککع) کە پاگەندەی ئاوا (زل و دڕندەی وڕانەی) کردووە؛ ئایا بەجگە لە سڕانی (حککع) هیچ کەس هەبووە گەر بێت؟

یەکەك لە تایبەتمەندییەکانی وردەبڕجوازی ئۆپیە، کە هیچ بڕپرسیارییەکی مێژوویی لە ئەستۆناگرێت و کرێکاران و خەڵک بە مردن و قوربانیبوون بانگەوازدەکات و بەکوشتدات و ماندوو و نائومیدیان دەکات و کە دوکانێ ئامیاریەکەی بازاری نەما، دەچێت بەناوەکی دیکە دوکانێکی دیکەی ئامیاریی ئادگێنێت و بە ئۆپەی خەڵک خەشباوەبکات، دەکەوێتە سڕوگوڵاکی ئۆوانەی پێش خۆی و بە هەموو شێوەیەك وردەکاریی کەبوونی ئۆوانەی پێش خۆی دڕناخات و خۆی دەکاتە پاڵەوانی یەك شۆڕ و سنگ دڕدەپەنێت.

لەو کاتەوە (حککع) لەسەر بنەمای نووشتەی مانسووری حیکمەت بە کرێکارانی عیراق نووسراوە، ئاگەنێران و دامەزرێنەرانی "ئەکخراوی ئەتڕناتیفی کۆمانیستی لە عەراق" لە ئاستی کۆمیتەی نەوەندی و نووسینگەی ئامیاریی و کۆمیتەکانی خوارتر خڕیکی لە ئاو کردنی نووشتەکەی مانسووری حیکمەت'ن بە کرێکاران، کەچی لەنێو ئاگەیاندنەکیان وەك ئۆپەی تازە لە ئەستڕەی مڕیخەوە هاتبن، خەیان لە خراپکاریەکان و فریوکاریەکان و تەکدانەکان و پارچەپارچەکردنی ئیزەکانی کرێکاران بەسەر کۆمەڵك پارتیی لە یەکدی جیاوەبوو، نەبان دەکەن و هیچ ئەخنەیەك لە چارەکە سەدەیەك (بیست و پێنج ساڵ) ئابوردووی خەیان وەك لیدەر و سڕەك و سکرتێری پارتییەکانی "هەوتە سۆشیالست و کۆمانیستەکان لە عەراق" ناگرن و هیچ سووچێك لە ئەستۆناگرن. ئایا ئاوا کارێك لە ساختەچییەتی ئامیاریی چیدیکە دەتوانێت پێناسەکڕی بێت؛ بەگەلزانینی خەڵک و فێکردن و درەکردن لەتەك خەڵک؟

" 13 . پێویستی بوونی نوێنەری سیاسی سۆشیالزمی زانستی کە دیدگاکەی لە مەنهەجی مارکسی وەرگرتبێ وپشتی بەستبێ بە مارکسیزم وەك مەنهەج وتیوری شۆڕشگێر، مەسەلەیەکی واقعی یە وزەروورەتەکەی لە وەڵامدانەوە بە کۆشەکانی کۆمەگاو ژیانەوە هاتوە. ... تریبیونێك ونوێنەرێك بێ مارکسیزم وکۆمانیزمی پرۆلیتاری هەخنەگرلە هەوتە ئیفڕمیستەکان وسازشکاران وناسیۆنالیستەکان و"نیشتمانیەکان" کەبەناوی سۆشیالیزم وکۆمانیزمەوە دەدوێن . ئەمە پێمان وایە کە چەندین لەو هەوتانەی لە عەراقدا هەن بەردەوامی بە بوونیان دەدەن لە گەگای قسە کردن بەناوی سیاسەتی سۆشیالستی وبەناوی مارکسیەتەوە ، بەڵام نەیانتوانیوە جوابگەی پێکهێنانی ئامرازێکی خەباتکارانە بن

بەدەست چینی کرێکارەوە، ... ئەمە پەیمان وایە هەوتەکەمان هەنگاوێکە بەرەاستای نوێنەرایەتی کردنی سیاسەتی کۆمۆنیستی شۆشگێڕی وسۆشیالزمی زانستی وئەزمونی مۆزووییی چینی کرێکار لە عێراق وجیهان".

پێش هەموو شت دڵی یەکەمی ئەو خاڵە لەنێو پەیڕەوی نوخبەی هەموو گرووپێکی مارکسیستی هەیە، هەر ئاواکە "بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ" سەرەتای هەموو بڕیارێکی قورئانە. بەجگە لەوە، هەر ئاوا هەموو گرووپە مارکیستەکان بە هەمان شێوەی ئەو ڕاگەیاندنەی "ڕەخنەراوی ئێتەرناتیفی کۆمۆنیستی لە عێراق" هەموو گرووپ و پارتییە مارکیسیستییەکانی دیکە بە لادەر و ساختەچی دەناسێنن. باشە، ئاوای دابنێین، کە هەموو گرووپەکانی پێش "ڕەخنەراوی ئێتەرناتیفی کۆمۆنیستی لە عێراق" نامارکسیست-بوون و بە ئامانجی بۆرجوازییانیان خۆیان لەژێر دەوجامەی "مارکسیزم" حەشاردەوە. باشە چ بەڵگە و بنەمایەک هەیە، کە گرووپی ناوبراو لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی "لادەرتر" و خراپەکارتر و ساختەچیتر و بۆرجوازییانەتر نەبێت؟ چۆن بۆوا بە کۆمەڵێ کەسک/کەسانک دەکرێت، کە بیست و پێنج ساڵ [چارەکە سەدەیەک] لەنێو پارتییەک (حککع) کە دامەزراوی خۆیان بووە لەسەر ڕەچەتەی مۆنسووری حیکمەت و لەنێو ئەو پارتییە بکوژ و ببە هەر خۆیان بوون و هەموو "لادان" و بادان و خراپەکارییەکان و نەزانییەکان و کەچبینینەکان و "تەنگ-نەزرییەکان" زادەی چالاکی و هەش و ئاوەزی ئەوان خۆیان بووە؟

جیا لەوەی کە پارتیی و گرووپە ئامیارییەکان ئامرازی کۆنتڕۆڵکردنی بزووتنەوەی کرێکارانن بە سەروەریی بۆرجوازی، ئایا باشتر نەبوو، کە داڕێژەرانی ئەو ڕاگەیاندنە لەنێو پارتیی دایک بمێننەوە لە بیست و پێنج ساڵ سەرکردە و هەمکارێبوونی خۆیان ڕەخنەبگرن و ئەو شاکارانە ئەنجامبدەن، کە ئێستا لەڕێ بانگەوازییان بە دەکەن؟ ئەی جیاوازی ئەوەی لەنێو ئەو ڕاگەیاندنە بانگەوازی بە دەکرێت و ئەوەی پارتیی دایک و پارتییە جیاوەبوو و دەرکراوەکانی دیکە بانگەوازی بە دەکەن چییە و جیاوازییەکانیان چین؟ یان دروستکردنی پارتیی باشترین ئامرازە بە مسۆگەرکردنی مشەخۆریی و جێنگەکە بە ناوبانگخوازیی ئەندامانی کۆمیتەی نوێندیی و نووسینگەی ئامیاریی و ئابڕوکەکانی خوارتر و چنیەتی دابەشکردنی بووجەی پارتییە، کە لایەن دەوڵەتانی بۆرجوازی ئەوروپی و دەوڵەتی عیراق لەژێر زەر ناوی جۆراوجۆرەوە بە ئەوان دابیندەکرێت؟

ئەڕە بەڵاست "سۆشیالیزمی زانستیی" چییە و نازانستیبوونی

سۆشیالیزمەکانی دیکە چیین؛ ئەگەر پاشکۆی "زانستی" وەک ئاوەڵناوێک بێ سۆشیالیزم درووستبێت، چ بەڵگەیەک هەیە، کە سۆشیالیزمەکەی "بکخراوی ئەتەرنەتیقی کۆمۆنیستی لە عەراق" زانستیی بێت؟ ئایا پاشکۆی "زانستیی" ئاوەڵناوەکی خەباتگێرانە نیین بێ پاساودانی سێکتاریزمی پارتیی؟

ئەگەر سۆشیالیزم و کۆمونیزم سیستەمی کۆمەڵی ناچینایەتی بن، ئیدی لە چەمکە داتاشراوە ئایدیالۆجییەکانی "سۆشیالیزمی زانستی" و "سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕ" و"سۆشیالیزمی بەرجەوازی" پووچتر و تەرسەقولتر چی هەیە؟ سۆشیالیزم یان نیین، یان سیستەمی کۆمەڵی ناچینایەتییە و هەر هەوڵکیش بێ گەیشتن بێ کۆمەڵی ناچینایەتی [نەک دەوڵەت و حکومەت بەناوی سۆشیالیزم]، هەوڵکی شۆڕشگێڕانەیە و نە کۆنەپەرستیی دارای سۆشیالیزمە و نە بەرجەوازی خوازیاری سۆشیالیزمە، تاکو ئاوەڵناوەکانی "زانستیی" و"شۆڕشگێڕ" و "بەرجەوازیی" لەدوای سۆشیالیزم بیزبکرێن. داتاشی ئەو چەمکانە وردەبەرجوازیین، کە هەردەم بێ پاساودانی شکستەکانی خۆی پەنای بێ داتاشینی چەمکەکی دیکە بردووە، تاکو سەرنجی سۆشیالیستخوازان لەسەر هەکاری شکستەکان لابدات و بێ دەوجامەیەکی دیکە ئەوان فریوبداتەوە. نە بەڵگەیەک بێ سۆشیالیست-بوونی بەرجوازی هەیە و نە بەڵگەیەک بێ "ناشۆڕشگێربوون و نازانستیی" سۆشیالیزم هەیە و نە بەرجوازی و ناشۆڕشگێڕان و کۆنەپەرستان سۆشیالیزمیان هەیە و نە خوازیاری سۆشیالیزمیش دەبن. ئایا لە ئاوا بارەکدا بەجگە لە جادووگەریی ئامیاریی لە خەڵک بێ فریودانەوەی بەناوەکی دیکە، پاشکەکردنی ئاوەڵناوەکانی "زانستیی" و "شۆڕشگێڕ" و "بەرجوازی" و "فیئەدالیی" و ...تد هیچ پەداویستی و بنەمایەکی مەژوویی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و هۆشیاریی و کولتووریی نیین؛ تەنیا تەرسەقولبەژیی وردەبەرجوازین و بەس. ئەگەر سۆشیالیزم و کۆمونیزم هەبن و دژی فیئەدالیزم و کۆنەپەرستیی و بەرجوازیی نەبن و هی ئەو نەوتانە بن، ئەوا یان سۆشیالیزم و کۆمونیزم ئەفسانەبافی و تەرسەقولبەژیی ئامیارانن، یان دریەکی پیرەزکراوی وردەبەرجوازی!

سۆشیالیزم / کۆمونیزم دەقیی تەورات و ئینجیل و قورئان نیین، تاکو هەر کەس بە ئارەزووی خۆی لەکدانەوەی بێ بکات و ناوی ئەو کەسە هەبگرێت. بیرەکی سۆشیالیزم/کۆمونیزم لەنووسبردنی کۆمەڵی چینایەتی و هۆشانی کۆمەڵکی ناچینایەتییە. ئایا کەسی کۆنەپەرست، فیئەدال و بەرجوازی دەتوانێت هەڵگری ئاوا بیرەکەیە بێت، یان هیچ کات کۆنەپەرستان و فیئەدالان و بەرجوایان خوازیاری کۆمەڵی

ناچینایەتی بوون، تاکو سۆشیالیزم بە خەجیاکردنەوە پێویستی بە پاشکەکردنی ئاوەناوکانی "زانستی" و "نازانستیی" و "فیئدالیی" و "جوتیاریی" و "شۆشگێ" و "ناشۆشگێ" و بەرجوازیی و "کرێکاریی و پڕۆلیتێری" هەبێت؟

جیا لەوەی کە هیچ گرووپ و پارتییەکی ئامیار ناتوانێت سۆشیالیستی/کۆمونیستی [ناچینایەتی] بێت، چونکە پێکهاتەی ئامیاریی بەخێی پێکهاتەیەکی چینایەتیی و کۆپیکراوی پێکهاتەی کۆمەڵی چینایەتییە. ئەگەر ئاوای لێبەرچاوبگرین، کە ئەگەری سۆشیالیستبوون و شۆشگێبوونی یەکەك یان چەند دانەیەک لە دەرزنە پارتییە "کۆمونیستەکان" هەیە، ئەمەی پڕۆلیتێری "نزان و دەبەنگ" چۆن بزانین، کە کامەیان "زانستیی" و "شۆشگیە" و "کرێکاری و پڕۆلیتێریی"یە، لە کاتێکدا پەیڕەو و بەرنامە و پاگەندەی هەموویان لەم سەر تاکو ئەو سەری جیهان هەر یەکە و تەنیا پاش و پێشی ئێستە و بگرکان و جیاواز داشتنی دەقکان جیاوازی هەیە و تەنانەت ئەگەر لەتەک پەیڕەوی پارتییە دەستە ئاستکان بەراوردییان بکەین، بەجگە لە چەند سوێندخواردنەکی ئایدیلۆجیی بە "مارکسیزم"، جیاوازییەکی ئەوتەی ئامانجیی و ستراتیجیی نابیندرێت؟

"14 . خەباتی کرێکاری بە ڕووی سەرمایە پەیوەندی هەیەە بەژیانی چینی کرێکار وەوبەوبوونەوەی ڕۆژانەی دژ بە چەوسانەوە "

ئەو خاڵە، نە لێکدانەوەیە، نە دەزینەوەی پێکهاتەیە، نە بنەمای کار و چالاکییە، نە ئامانجە. وەک ئەوەیە، بنووسیت: منداڵ بە گەورەبوونی پیر-دانێت. نە سەڵماندی گەرەکە و نە داهێنان و نە دەزینەوەی نزانراوەکە. ئەگەر ئەو "زانستیی"بوونی "سۆشیالیزم"ەکەی "ئابڕانی بزووتنەوەی کۆمونیستی بێت، هەزار ساڵەوات لە نزانیی خەم.

"15 . بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وحزبەکەی، لە دیدگای ئەمەوە ،بابەتکی کۆمەڵایەتی چینایەتیە وبەشکەی لە دینامیزمی کۆشمەکۆشی چینایەتی وسیاسی وکۆمەڵایەتی وفکری لە کۆمەگادا. بۆیە ئەمە نە فیرقەیەکی حزبی ونە فیرقەیەکی فکری سیاسی وئایدۆلۆژی بۆخەوش ودابڕاو لەکۆمەگا نین کە بەدوای خاوێنی فکری وتیوریدا بگەڕێن. ... وەحزبی کۆمۆنیستی پڕۆلیتاری حزبێکە پەیوەستە بەم بزوتنەوەیە و سەربەخێیی چینی کرێکار لە ڕوی سیاسی ئەنجام دەدا و شۆشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار ڕێکدەخا و ئابەری دەکا بەرەو سەرکەوتن.

کۆمۆنیزم هەخنەی فیعلی کرێکارە بەدژی سەرمایەداری وەبەم مانایە شتێك نیە جگە لە هەوتێکی سیاسی وفکری، دیاریکراوی جیاواز لە ڕەوتەکانی تر، کە سەر بە چینی کرێکار و هەخنەی فیعلی ئەوە لە سەرمایەداری وەك سیستمێکی چینایەتی ناکۆك ودژبەیەك . "

گەلێ ئەژراوانی ئەو هاگیاندنە بۆچیان دەزانن چی دەبن و چۆن ئەو پارادکسانە لەیەکدی گرێدەدەنەوە؟ ئەگەر پارتیی "کۆمونیست" بابەتێکی کۆمەڵایەتییە، ئەی گارێ گاری بیست و پێنج ساڵی هابووردووی سەرانی (حککع) کە بەشێک لە ئەوان هەر هەمان داهێژراوانی ئەو هاگیاندنەکەی "هێکخراوی ئێتەرناتیفی کۆمۆنیستی لە عێراق" دەبن، لەپێناو چی بووە؛ ئەگەر پارتیی کۆمونیست بۆچی بابەتێکی کۆمەڵایەتییە؛ ئایا دەکرێت شتێک بۆچی بابەتێکی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام پێویستی بە کۆمەڵایەتییبوونەوە هەبێت؛ بۆچی توانای نییە، کە لەنەوەندی ناڕەزایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵبدات؟

ئەو زەر گرنگە، کە هابەرانی "پڕۆلیتاریا" نائاگایانە بۆچیان ئەو دەسەڵمێنن، کە ئەوان " فیرقەیەکی حزبی و فیرقەیەکی فکری سیاسی وئایدەلۆژی خەوشداری ودابەاو لەکۆمەگا" هەن، ئیدی کۆمەڵایەتییبوونی پارتییەکیان چۆن دەسەلمێنن؟ ئەگەر پارتییەکی ئەوان کرێکاران بە "دەسپاچە و گێل ونەزان و ناتوانا" نازانن، ئیدی چینی کرێکار و شەشە کۆمەڵایەتییەکی چینی کرێکار چ پەیوستییەکی بە دەستبژێرکی وردبەرجوازی هامیار لە دەرەوەی خۆی هەیە، تاکو وەك خەرخوازێك بێت و کرێکاران وەك هانەڕە بەرەو بەهەشتی "پارتیی رابەر" بەرخی بدات؟ ئەگەر کۆمونیزم هەخنەی کردەیی کرێکار لە سەرمایەداریی، ئیدی چۆن دەکرێت و دەتوانرێت "کۆمونیزمی فیئۆدالی و بەرجوازیی" بوونی هەبێت؟

دەژی هەیە ...[بەشی دووەم]

-_____

* هەبەتە من بەوای تەواوم بە هەڵەی بنەڕەتیی و چارنووسسازی کرێکارانی هوشیار و شەشخواز هەیە، بەڵام بە هوشیاریی و پشەوەیی خود کرێکاران نەك هابەریی وردبەرجوازیی خە-بە-فریادەس-زان /http://fullreels.com/ru/video/Wnu-EFh8SL0

** لینکی پەڕتووکی مەزگردی پەداچوونەوە و هەسەنگاندنی هێکخراوی یەکێتی بێکاران لە کوردستان، (ئەزموونی خەبانی جەماوەریی ساڵانی ۱۹۹۲ تا ۱۹۹۸) https://bekaran.wordpress.com/2013/08/30

*** لینکی دەقی ڕاگەیاندنی باڵکی سەرکردایەتی (حککع) بەناوی "ڕێکخراوی ئێتێرنێتیفی کۆمۆنیستی لە عێراق"
http://www.hawpshti.com/ku/?p=19187

کۆمەڵەی کتێب دۆست و نیچێیزم … هاوتا کوردستانی

کۆمەڵەی "کتێب دۆست"ی خورماڵ کۆمەڵێکن هاوگری شوناسی دۆستایەتی کردنی کتێب و ئاشتبوونەوەی تاک و کتێب و تاک و کۆمەڵ و تاک و خووی کار دەکەن ، لەم پێنج شەش مانگەی تەمەنیدا توانیوێتی کۆمەڵێک پێسیپ بەرز بنرخێنێ و کۆمەڵ جووڵەی هەیمەنەدار بکات ، چونکە نێو ناواخنی کتێب و چوونە نێو دونیای کتێبکان و پرسگەلکانەوە، بەها و کردارە عەمەلیەکان وای کردووە هەنگاوەکانیان شوێن پێی خەیان جێ بهێڵن .

کۆمەڵێک کە پێکهاتوە لە گەنج و لاوانێکی بەهرەمەند و لێهاتوو وە خاوەن تەوانینێکی گشتگیر و عەقڵانی بە سەرجەم پرس و پرسگەکان ، کە مەودای هزری و هۆشنگاری پێکەوەی کەکردونەتەوە و بارگاوی بوون بەهەند و ئاکارە باڵاکانی هزری و لە هۆگەی دانیشتنەکانیان پێگە مەعریفیەکان شێن و کەو دەکەن و پێنسیپی کارەکانیان لەسەر مەڵیەتێکی تەکمە و قایم خێی بونیاد ناوە ، بەهەموو شێوەک جیاوازتر دەردەکون و بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازیەکی گشتگیر بەدی دەکرێت لە کارەکانیاندا و وە خەیان کەنارگیر کردووە لەو دید و تەوانینە کلاسیکی و پاتریارکیەی کە بەدرێژایی ماوە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرجەستە بووە و ئامادەیی هەبووە بەکەو فەرمکی دیکەیان هێناوەتە نێو ئاکارە مەعریفیەکانەوە .

هیوادارم ئەم دەستپەکەکی جوان و ناوازە بێت بە سەرجەم گروپ و کۆمەڵ و هێکخراوەکان کە بە پێسیپیەکانیاندا بچنەوە و شوناسکی دیکە هۆگرنەوە و ئەم کۆمەڵەیش بێتە پشتنگ بە ئەوانی دیکەش ، وە کۆمەڵەی کتێب دۆست لەتەقڵای ئەوەدانە کە هزرگەری و ئەو فەرمە

لەتەوانین و بەرخوردە عەقانیانە بکەن بە کولتورکی کۆمەڵگای کوردی و تازگەریک و بوونیادکی دیکە و شوناسکی دیکە بەرجەستە بکەن و ئەو کولتورە جبهەن کە ئامادەیی هەیە و خەیان کنارگیر بکەن لەو فۆرمە مەعریفیەی کە بەشوکی شاقووی درژکراوی هەمان بەها داخراوکانی هاوچەرخبوون و کرانوەیە لە ئستای کوردستاندا .

کە تەواو ئاوزان بوون و فۆرمڵە بوون بە فلسفکی نیچەنیزم کاتک کە ڕچکی فلسفکی فردریک نیچە دڵێ " من داوای جنگ ئکەم ، جنگکی بە ئاگر و ئاسن ، جنگک تیدا تزکان و بیرکان لەپکداداندا بن و خاون بیرکانیش لە مەیدان " مەبەستی هەوەدا بوونی جنگکە کە جنگی دیالگ هزریکانە کە تیدا پکدادانی بیرە جیاوازکاندا بت و جنگک پچەوانەوەی جنگکان کە ئاگر و ئاسن ئامازی جنگکە بت ، عەقانیەت و بەرخوردکان ئامازی جنگکەن و وە لەبری ئاژاوە و کوشتار، کامرانی و گشتن بەدەروازەی حقیقەت بەدوای خیدا دەهنێ ، ئەمش ئەو فلسفیە کە تەواو ڕگی داکوتیوە لەم کۆمڵیەدا .

سەرەای بوونی هل و مەرج و بارودخ نالەبارکانی کۆمەڵگای کوردی لەزەر لایەنەوە بیگرە لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و بیگرە هەتاکو لایەنی ئابووری و ئەو دخە نالەبارەی، زەرینەی نک هەمووی توشی نائومدی و دستوسانی کردووە و وای کردووە زەر بەها کنارگیر بت بەتام لەڕوە هەموو ئەوانە لەلایک و تەقڵا و هەم و خەمی ئمانیش لەلایک وای کردووە شتکان نەوستەت و کشتی مەعریفەت بەشوک لەشوکان هنگاوی خی بنەت و نەوستەت و تادگاتە کنارکی ئارام و هەمن .

لەبوونی لەم فۆرمە لگروپ و کۆمڵە و ڕکخراوکان ئتوانت دەروازەیکی گرنگ و جوهردار بت بە کردنوەی زەر دەرگای دیکە و وە ئامادەییان بتایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا جگەی ئومدە و دتوانین زەر ئومد و هیوایان لسەر هچنین و بتوانن ئاستیکی دیکە بدنوە بە کۆمڵە و بەها چسپیوکان و بتوانن نوبوونەوەیک بتەواوی مانا نو بوونەوە بەرجەستەی نو تاکەکان و کۆمەڵیش بکەن ، وەسەلمنەری هەموو ئەوانش ئەویە لە غیابی بوونی لەم فۆرمەی کارکردن و مامڵەی مەعریفی بەدرژایی ئەو تمنە مەعریفیەی کوردی ئەم هنگاوانەی تدا بەرجەستە نبوو وە ئستاش پشتکردن لەان دمانباتەوە هەمان ئاقارکانی ابردوو و دیسان داخرانەوە بەووی هاوچەرخبووندا و تنها بپشتیوانی کردن و

دەست خستنە دەستی نەو تاکەکانیش بێت لەتوانایاندا هەیە ڕۆڵێکی دیکە بگێڕن بەرجەستە ببێت و هەموو تاکێک تێکۆشێت بۆ پرسی ئینسانبوون و تاکەکان بگەڕێنەوە نەو پرسی ئینسانبوون بەمانا مۆدێرنیەکەی نەوەک بۆ مانا ئینسانیەی کۆئەستا لەکۆمەڵگای کوردی بەرجەستەیە .

دوو شیعر شیعری: ... عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

ئەو چ شیعرێکتان دەوێ؟

ئەو شیعرێکتان لەم دەوە پێ لەپێچ و لە پێنا بێ
دوور لە دڕدۆکانی ژیان هەڵبکورمێ و
بچاوی تیژی وشەوە
ببێ بە پێت تا ئینسان دیلی فێنا بێ
ئەو شیعرێکتان لەم دەوە شەرمن .. بەدەنگ
دەنگی یاخی لەوە نێیە
دەروازەی نائومێدی بێ و
پەنجەرەکانی خەیاڵی
جەستەی قاقا و لەشی ماندوو و
گیانی هەڵابەهەڵای گیانبەختکردووانی پێوە نێیە
ئەو شیعرێکتان لەم دەوە پێ لە لوغز و ناڕۆشن بێ
نەهێشنە دڵی بەبەزەیی سەرمایە
ووو بێ هەق نەدەوە و لانەدا پەردە لەسەر ووی دزێوی ئەم دونیایە
ئەوە نازانن شیعری من گشت بیانییەک بێر لەوەی غەدر خەباری ببێتەوە
ئەو لەبەر دەرگای کارگەکان
لەمەیدانی کرێکارانی شارەکان
لەنێو کونجی تاریکایی زیندانەکان
لەنێو ترس و هەڕەشەی پیاو دژ بە ژنان خەریکی ئاواز چنینن
مەقەستەکن بەهەدادان خەریکی ستەم بینین
من ناتوانم شیعرێ بەم بەدەنگ بەدەنگ لەبەردەم قاپی کۆشکەکانی سوڵتان و

چۆسێنەران لە چاوەوانی پارە بە
من ناتوانم شیعرە بەم دوور لەزام و لە ئازار و دەردی خەڵکی
زەحمەتکێش بە و
نووتەکە بە پێچەوانەی هەڵ چارە بە
من دەربار نیم.. کۆیلە و مەسینەهەڵگر نیم بە هیچ هەز و دەستاتە
شیعرم ئازادە و ملکەچی قەت لا نییە بە مەعاش و خانوو و عەرزە و
سەر شەق ناکات لەبەردەم هیچ پیا هەڵگوتن و خەڵاتە
من شیعرەکتان بە دەنووسم لەناو کارگە بە کرێکار ببە بە چێتری
تووڵەیی
لەنۆو کەڵی خانەوادەی زەحمەتکێشان تووڕە هەڵبدا لە عەیب و عارە و
شوورەیی
ئەو شیعرەی من لەگەشەی زیندانی غەدرا
ببە بە پەنجەرەی حەزە
لەنۆو دەریا و هەڵگای قاچاخی هەڵاتن لە زوڵم و زەر
بە گەرووی ئینسانی هەبوار ببە بە شەراب و هەزە
من شیعرەکتان بە دەنووسم خاوەن بەختی تاسەر بە
لەگەڵ ئازاری ئینسانەکان بژێت و
لەگەڵ خەڵکی ئاوارەدا دەربەدەر بە
وشەکانی ببن بە ژە بە دەنگی پە لە بانگەواز
ببن بە وڕەی پەیامین ببن بە گەرانی و ئاواز
گەر دەتانەوە ببینن شیعری مەشخەڵ چەند کەڵەگەت و سەربەرزە
لە لووتکەیا بەی بگەڕێن نەک لەم دەشتایی و سەر ئەرزە
من شیعرەکتان بە ئەنووسم لەگەڵ خەندە و وەردی زارتان
لەهەڵپەرکێ و لە سەما بە
بە لەدەستدانی ئازیزان هەم لەپرسە و لەخەما بە
من شیعرەکتان بە ئەنووسم خاکیی سادە
بەنی هەمان بەنی باران
تاسەی هەمان تاسەی خەڵک بە ئازادی
چاوگ هەمان مانیفێستی جاری جاران
من شیعرەکتان بە ئەنووسم
نیگای هەمان نیگای پە لە خەشمویستی بە ڕزگاری کرێکاران
شیعرەک ببێتە ڕووبار و دارچنارەکانی خەون ئاو بدات و
هەڵحی هەڵژگارە وشکەکانی تەکەشان تەراو بکا و
گەرانیەکەی (لینین) زیندوو بکاتەوە
شیعرەک ببێتە کەنارەک بە کەپەی عەشق
کەپەی ئارەزووی خەبات و
کەپەی ئومێد و ڕزگاری بەرەو سنوورەکانی ئومێد و خەزگە بباتەوە

شیعرێک دەستکی سۆزانی ژیان بێ و
دەستکەی تر، گۆ بێ دژ بێ نا یەکسانی زەر و غەدر
شیعرێک بێ هەڵەی ستەم بێ ئینسان ببێ بێ چەتر
من ئەو شیعرە شەشگرێ ئەنووسم و
ئۆش چی ناو دەنێن بنێنن
با وێنەکانی نووسەرانی دەربار، نووسەرانی بورژوازی
کەاو بەخەمی لەسەر نێن.

ئەیلوولی ۲۰۱۷

سروودی کێبەر

لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەی تیایدا زیندووم دەژیم
وەکو ماشێن وەکو ڕێبەت کار دەکەم و
ئارەقەی ئیش بێ ژیانەکی سەربەرزانە دەڕژم
لەنێو پەتووی ڕەژگارەکان، لەسەر پشتی ئەستەکەک لێ خەم و حەسرەت
دانێ دانێ چرێی خەون و ئومێدەکان لەنێو چاڵی زەمانی غەددار
دەنێژم
سێبەری دەستکانم دەکەم زبر و شەقار
پێستی ژێر هەتاوی ژینم شەق شەق بووە
وشەی یاخیم ووە بێ ستەم و زەرداری سەرمایەدار تا بڕی زبر و ڕەق
بووە
ئەمن دەڕەم پێیژەکانی ووە لەسەر و ووە لێ خواری تەکەشانم ناسیوە
هەر وەک حەزی خەم
لەتاو برسێتی هاوچین و ئۆشەخەزانی هەمە ڕەژانێ خەم و داخ
دەخەم
من کێبەرم...کڕێی ژانی ئەم ژیانەم بەکڕێوە
لەناو ئەم چاخە نوێیەوە چاخی بێ گوند بوونی جیهان
وەم بەدوای ناو و نیشان
لەم پەراوێزی زەمانە بێ پشتی کەم و هەناسەی تاساوەوە
بێ بژیوی ماوەندا کەوتومەتە سەراخی نان
لێ کەلێنی زامکانی ئەم ڕەژگارێ دەڕوانمێ ئەو خەزگانەی کەوا
هەڵدەن وەکو هەتاو
من لەچاوی برسێتییەوە خەریکێ ئەبمێ ئەو خوێنە ڕەنگینانەی
بەرەو ووی ڕەژکانم دەن بێ غار پرتاو
مەن لەزاری هاوارەوە ئەوا دەبەم بەو گەرانییەی هەموو دەمێک
دەمەتەوە
دەستی ڕەشی ژێر سەبەر ێیشی ئاخوندێک

بۆئەوەی ئەخێیک بکەم هەناسەم دەبڕێ و ئەوسا دەمکوژێتەوە
مەزرەک لە تڕێ و ستەم
هەر بە تەسبیحی ئیعدام و خوا پەرستی کڕێکانم لەوەردەگرێ و
دەیخاتە سەر شانی ماڵو منداڵی برسی و بێچارەم
بریندک دەخاتە ڕەحم، ڕەحی هەژاری بێپارەم
من کەبەرم... تەنها خەم و تەنها مانگ و ئەستێرەکان دەزانین چەن
ڕێنجم داوە
ئەژدیهای مەرگ لە ناوەختدا چەن قۆپاڵی لە ڕەحی زامدارم داوە
تووڵەگای ئەو هەدەر و شاخانەی سنوور دەزانن دڵی من چەند پە
تاسەیە
ژێر گوڕێ و تاشە بەردەکان بینەری وەرینی دونیایەک خەزگ و
هەناسەیە
بەرژوا دەزانە ئەو کارە مەرگهێنەرەی دەیکەین
لەسەر شانی ئەژکانی ئەم تەمەنەم بست بست دەمخاتە ژێر ئەرز
گیانم لە قەفەس دەنێت و دامدەزێنی لەژێر قەرز
من کەبەرم...ئاوازەکم دەتە گوێ غەمگین و هەمن
سەناتایە بە ئەو دەرد و بەڵایانەی وەکو باران دەبارێنە سەر
جەستەمان
ئومێلدیێە دە گوێی لێە هەناسەیە بە بەستەمان
چەند دەکوژرەم..چەند لەنەو مەنجەنیقی زەر دەمە سووتان
وەکو گەنم لەنەو بەرداشی ژیان و مەرگی ناوەخت دەمە کوتان
کە نادەم و کەی ژینم بەکەڕەوە
باڵخانەی ئەم ئومەدەم نایە سەر یەک
لەنەو دڵی ئەم لووتکە و شاخ و دەڕەوە
من کەبەرم...کەنەدەرم گەم لافاوم جەربەزەم
بە نەمانی چەوسانەوە و ژێردەستی و کێلەتی ژیان
هەهەم زریانم تەرزەم
من کەبەرم.. بەکەی خەم حەسرەتکانم دەبەم بە بازاڕی ژین
ڕق و دەرد و برستی و خەم
وەکو تەزی دوای کارکردن دادەتکێنم لەخەم و
چاپووک چاپووک هەدزنەم بە شاخکانی ڕگاربوون
هەتا ئەو ڕۆژە بێتە دی منی ڕەنجدەر
دژ بە ستەم
دەبم بە باهۆزی سوور و بە گەردەلوولی تووڕەبوون

ئێلوولی ٢٠١٧

تاوەباران … چاوەڕ/ فاتح شێخ

"… خەزگە بەو ەەژەی بەهار
بە جووت لە بەر بارانە"
(لە گەرانێکی مەزهەر خالقی)
بە لاتیری تاوەبارانا دارەکان تە ئەپەەن، گورج
بە گەەاکانیانا شەە شەە ئاو دائێچەەە
ئەەەی ئازیەتبارن، بە هەزاران چاو فرمێسک ئەبارێنن.
پەل پەل گەەا بە هەوای وەشت،
خەشی خەشی هەەئەپەەن،
تاوە
کەچی بە چاوترووکانە لەولاترە ئەکەونە زەوی
پەل پان ئەکەنەوە، ئەمرن.
ئەی لەم پایزە خەمبارە
ئەی چەنە بە تاوەباران خەمبارتر ئەنوێنە پایز

***

هەلانە کەترەکان خووساون،
تەواو
کەترە باە تەەەکان خزاونەتە پاساران
خەیان ئەشارنەوە لە تاوەباران
پەەە سەوز و بەرەکانیان
ەائەشەکێنن
دەەپی دەنک پچوکی بلوری
لە سەر و کاکەە ئەتەکێنن
ئەی لە ئەوارە بارانی پایز،
چ بە ناکاو دا ئەکا
چ بە ناوەخت ئەبارە،
چ بە خوەەەم

***

شەوانە با بە ویزەویز ئەکەوێتە گیانی دارسان

هەرچی گەڵا زەردەکان ئەپرۆنە
بە جارێ ئەیانداتە بەر بەرۆکسنەزان
بەدەم با و بەرانەوە هەپرون ئەبن
گەڵا زەردەکان
ئەی شەوانی پایز چ تاریکسان و کاولکارن
باران و بەرانی پایزەشو چ دەونکەرن،
چ سەرشەوێن و بەفڕان

***

من عاشقی تاوەبارانی بەهارانم
بە دەنکە دەنکەی ئەبووژەمەوە
گەزگەز باڵا ئەکەم بە هەڵەکان و لەزمەکانی
بریندەکانم بە دەپ دەپی ئەشەمەوە
هازی ژیان و سزی بە ئەوپەڕی خەشەویستی
بە گیانما ئەگەڕێ
دە وەرە
ئەی تاوەبارانی بەهاری
دە وەرە
تا دوا تنەکت
ببارە بەسەرما
ئەی بەهارە باران

چاوە/ فاتح شێخ- حەوتی هەشتی ٢٠١٧

دواییەن شەوەکانی سەیمرخ ... سەڵاح شوان

1
تا ئەمڕۆکەش..
هەموو ڕۆژێك كاتێ كە ئێوارە دادێ
بە یادی عەشقە جوانەمەرگەكەی تۆ
پەردەكانی دڵم دادەدەمەوە و

مەمە شیعرێکی گەشی وەك چاوەکانت
دادەگیرسێنم و بۆدەنگ
پشت لەم سەردەمی گورگانە دەکەم و
ووەو ژئاوا دادەنیشم
زۆر چاوەڕێم کرد تاوەکو کۆرییم داهات
ئێستاکەش خۆری خوداکەی تۆ
لێم هەڵنەهات
تازە بەم درەنگان شەوە
بەم درەنگە زەمانە
بە دەم مەستیی و نەستییەوە
نە خۆر هەڵدێ و نە من چاوەڕوانی خۆرم
بە مەمە کوژاوەکانی خەونەکانمدا دەچمەوە
لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیان دەدەمەوە بەکو
لەم شەوە سارد و تاریکەی دوادواییدا
تروسکاییەك ببینم
هیچ دیار نییە
وتی لێرە دانیشە
لەگەڵا یەکەم گزنگی خۆرهەڵاتندا دێمەوە
ئێستا و ئەوسا نەمدییەوە
تا ئەمڕۆکەش..
هەموو ڕۆژێك کاتێك کە ئێوارە دادێ
بە یادی عەشقە جوانەمەرگەکەی تۆ
پەردەکانی دێم دادەدەمەوە و
مەمە شیعرێکی گەشی وەك چاوەکانت
دادەگیرسێنم و بۆدەنگ
پشت لەم سەردەمی گورگانە دەکەم و
ووەو ژئاوا دادەنیشم
خۆی پێی وتم
کاڵا و کرچە بەری داری زێی ئەوان
بۆش و بەتاڵە پەیامی پڕغەمدزان
من بە خوێنی باخچەی تەمەن بڕت دەنووسم
گەر یەك جار بیخوێنیتەوە
ئیتر پێویستت بە پاپۆڕ نابێت تاکو
دەریاکانی هوشیاریی پڕ پەی بکەی
2
با شەویش بڕت و با دنیا
ئاگربارانی دڕەخ بڕت

من دەیبینم
خ‌ی بە پە‌ەی گو‌‌کی وەریو پ‌شیوە
تا بە ئاگری د‌زەخی مارس نەسووت‌
ت‌ سەیریکە…
ئەم گەردوونە چ‌ن لە گ‌می
قی‌ی تواوەی تاریکیی خودای جەنگدا
تواوەتەوە و خنکاوە
ئەوە شیعرە، یان ک‌نە د‌ی عەشقی‌کە
وا بە شمش‌ری خوداکان ئاوەها لەتلەت کراوە؟
ئەوە ئاواتەکانی منە، یان ئاوازەکانی داودە
وا د‌ی ئەمدیو و ئەودیو
بە تیری ‌ق سم‌نراوە؟
بەردبارانە، ئاگربارانە
غەمبارانە ئەم گەردوونە ئەمشەو
کوا تازە بە من چارە دەکر‌
ئەم بەزم و ‌ەزمی زەمانە!
کوا تازە من چارەسەری ئەم بەزم و ‌ەزمی زەمانەم پ‌دەکر‌
3
ئ‌ستا لە دواین هەنگاودا
ئاو‌ دەدەمەوە ‌‌گام خ‌‌ەم‌شە
نازانم ک‌ پ‌شتر گ‌ی ت‌بەرداوە
نازانم ک‌
ک‌ بوو؟ ب‌چی؟
گو‌زارەکەی ئەوسای جگا د‌داریمانی کردووە
بە وشکە خاکی‌کی وەکو
وەکو د‌م ‌ەق و چ‌‌ا و شەقار شەقار؟
ئەو وتی ئ‌ستاش هەر ماوە
ت‌ نایبینیت
کو‌رە چاو‌‌ك خەو بە خ‌ری سبەین‌وە نەبین‌
و‌رانە د‌‌ك نەب‌تە چوارچ‌وەی خ‌رکی عاشق
من هەردوو خ‌رەکەم د‌‌اند
4
ئەو وتی بەسە با ئەمشەو
لەوە زیاتر نەخ‌ینەوە
من دواین شیعرم هشتاکە لە نیوەبوو
کە سەیری دەوری خ‌م دەکەم کەس نەماوە
هیچ کو‌یەکم ل‌ دیار نییە

هیچ دەنگێکیش لەم مەیخانەیەوە نایا ئەم شەو
دنیا ئەم شەو مەیخانەیەکی چۆڵی داخراوە
وێرانە وێرانە وێران
ئەم خاکی خودایە خەوتووە
تاریکەخاکە ئا ئەم شەو
منیش لە خودا
تەنیاتر و
دڵتەنگتر و
بێزارترم
5
جەللاد جارێکیان
شێرەکانی خۆی بەردایە گیانم تا بمخۆن
من شیعربارانیانم کرد
بەڵام تائێستاش نەیان
دڵتە گوڵم لەودیو دیواری
زەمانەوە خۆیان مەڵاس داوە بۆم
ژۆك دڵت پەلامارم بدەن
6
من وتم بەهەشتم ناوێ
بە ووباری شیر و شەراب و هەنگوینەوە
تەنیا شیعرێك
تەنیا پێکێك
بە یادی چاوەکانی تۆ بیخەمەوە
7
…ئا ئەمێ نا
دونێ بوو هەر تەنیا دونێ
هەوە کۆترێکی سپی
ئا لێرەدا هەنیشتبوون
نازانم کام گەردەلوولی قینێك هات
ئاپۆچی ئەو دنیای کردن؟
کامە دنیا؟ کامە ئەودیو؟
دنیا هەر یەك دیوە و هەرگیز
خودا ووێەکی دیکەی نییە
ئاسمان هەر یەك هەنگە هەرگیز
ئاستی هەنگی دیکەی نییە
شیعر هەر یەك دەنگە، باران
هیچ دەنگێکی دیکەی نییە

ئەودیو، ئەوسا، ئەو دنیا و ئەو
ئەو هەموو ئەوانەی دەڵێن
کەی؟ لە کوێ؟ چۆن دەردەکەون؟
من چاوەڕوانیی زیاترم پێناکرێ
8
لەوەتەی هەم دەخولێمەوە
بەدەوری خۆم و ئەوان و شوێنەکان و کاتەکاندا
نە چراکەی دیجینسم پێیە
نە زوناکەی داود
هەرچی هەیە وەکو من دەخولێتەوە
بەدەوری خۆی و خودادا
زەوی و خۆر و هەی کاکشان و گشت گەردوون دەخولێنەوە
خەڵکی لە دەوری بەردە هەشەکەی دەستی ڕاستی ئەڵا
دایکم پێمی دەگوت: لە دەورت گەڕم
شۆفێر لە دەوری فولکەکەی سەرا
گەردەلوول، گۆژەنگ
ئەتۆم و ئەوەی نایبینین
هەر هەموو دەخولێنەوە.
ئەی خودا بە دەورەی کێ، چیدا دەخولێتەوە؟
ئەم خولانەوانە گشت پووچن
خولانەوەی من و زەوی و ئەستێرەکان و گشت گەردوون
کێ دەتوانێت ڕایان بگرێ؟
9
کێ لە خولانەوە دەوەستێ؟
کێ لە کوێدا ڕادەوەستێ؟
لە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی؟
سەرەتای کێشان، یان شەقام؟
سەرەتای ئێژ؟ خواردن؟ کردن؟
سەرەتای ژیان؟ یان مردن؟
کوا سەرەتای من لە کوێوە دەست پێدەکات؟
لەدایکبوون، یان کۆرپەیی، یان لە لەشی دایك و باوکمدا
ئەی ئەوان لە کوێیان هێنام؟
ئەڵا دەڵێت: لە ئادەم و لە حەواوە من هێناتم
داروین دەڵێت: لە دوو ترشەکەی دەریاوە
ئەی دەریا خۆی لە کوێوە هات؟
ئەی خودا خۆی لە کوێوە هات؟
منیش هەر لەوێوە هاتم

هیچ شتێك سەرەتای نییە
هیچ شتێك کۆتایی نییە
هەموو شتێك خۆی سەرەتا و کۆتاییە
ئەگەر بتوانین ببینین
10
تۆ ووو لە کامەیان دەکەی؟
کامەیانت پێ واز لێدێت؟
نۆژ و نزا، یان خواردن و هەناسەدان؟
مزگەوت جێگای کامەیانە؟
خۆ دوو گۆڕە بە یەك دەست هەڵناگیردرێت
بۆیە زەردەشت وتی:
یەك درۆیە، هەمووی دوانە
بوون و نەبوون، تاریك و ڕوون
سەرەتا و کۆتایی
چاك و خراپ
11
هەشتا سەرەتای بەهار بوو
کە جێی هێشتم
لەوساکەوە بەدوای خۆیدا
چوار وەرزەیەکی باران و گەڵاڕێزانی بێ جەهێشتم
کۆ پایز و گەڵاڕێزان و مردنی بۆمان هێنا
کۆ کوشتن و درۆ و ڕقی پێمان بەخشی
کۆ ئەم دنیایەی وا دانا
بێ وای دانا
یەك تای تەرازووی هەبوو، ئەویش لاسەنگ
12
بە لاپەڕەی کۆبووەوەی تەمەنمدا دەچمەوە
بەرەو دواوە، بەرەو دواتر
تاکو دەگەمەوە ئەوێ
ئەوێ لە باوەشی دایکم
لە پایینی (خانخانان)دا
بەڵام نازانم بۆ؟ کەی؟ چۆن؟
نە دایکم، نە باوکم، نە ئەوێش هیچیان نەماون
کۆ ئەو هەموو خانەی سێیوەتەوە؟
خەم و خۆشی، خەون و خەیاڵا
هەست و سۆز و ئاوات و ئومێدی بەتاڵا
بەتاڵە بەتاڵە بەتاڵا

ئەم گەردوونە، ئەم ژیانە
پ‌ە لە ب‌ش و لە بەتا‌ا
ئەم گەردوونە ب‌خاوەنە
ک‌ یەکەم بەردی داناوە؟
ب‌چی ئ‌ستا دیار نەماوە؟
ب‌ دروست بوو؟
ب‌چی؟ کەی؟ چ‌ن؟ لەناو دەچ‌؟
ک‌ وە‌امکی هەیە ب‌م؟
پ‌ش مردنم با پ‌م ب‌‌
تا بە بەتا‌ی نەمرم
13
منیش ‌‌ژ‌ لە ‌‌ژان منداب‌ووم
خ‌شەویستی دایە و باوە
ئ‌ستاکە پیر‌کی تەنیای پ‌
پ‌ لە ئاگری کوژاوە؟
ئ‌ستا لەسەر کەلی
ئاوابوونمدا وەستاوم
دواین سەرنج
دواین ئاو‌
لە ‌ابردوو دەدەمەوە
‌‌گایەکە
بە بست هەر بست‌ دوان دەب‌
بە کاتیش وەها در‌ژە
لە سەرەتای ئەم دنیایەوە
هەر هەیە و هەر هەبووە
تا ک‌تایی ئەم دنیایەش هەر دەم‌ن‌
هەر دووکە‌ە و تەپوت‌زە
دووکە‌ی دانەمرکاوەی
ئازار و غەمەکان ه‌شتا
ب‌نچ‌ووکیان ل‌ هەدەس‌
تەپوت‌زی ئاژاوەکان
ه‌شتا سەر و چاوی ئەوانی پ‌شیوە
گو‌ی شیعرەکانم سیس و هە‌وەریون
تاشەبەردی بیر‌کەکانم ه‌شتاکە
‌‌گاکەیان تەنگ کردووە
ئەو هەموو گەردانەی عەشقە
ب‌ ب‌لانە جە‌‌راون؟

کە هەندێکی لەگەڵا خۆیدا برد و ڕۆیی؟
نازانم بۆ پێشم کەوتن
خۆ من وتم
مەرگم بە پێش مەرگتان کەوێ
وتم مەرگتان نەبینم هەرگیزاوهەرگیز
بۆچی کەس نەبوو جارێ گوێم لێبگرێ
کاتێ وتم:
14
کوانێ ئەوەی دەڵێن گوێی لە خشەی مار و مێروووە، کوا؟
بۆچی ئێستاکە کەس بووە؟
درێیە درێیە درێ
کەس نییە گوێ لە کەس بگرێ
هەر دووکەڵە و هەر تەپوتۆز
وتی بەر بەدواوە مەکە
ئەگینا دەتکەم بە بەرد
ئەم هەموو بەردانە کێ بوون؟
چییان دەوت؟ چییان دەکرد؟
کێ دەزانێ؟
لە کێ پرسم؟
کێبوو وتی: ئاخر شیعر بۆ کێ بڵێم
کوا کێ ماوە دڵێکی ئاشقانەی هەبێت
زەمانی دڵبەردەکانە ئا ئەم زەمانە، ئەم زەمان
زەمانی مرۆڤ خۆرانە
زەمانی درۆبارانە ئەم زەمان
هەزاران ساڵ بوو بڵدەنگ بووم
وامدەزانی گورگە هارەکانی دارستانی پاشا
خواردوویانە
بەڵام کە گوێ دەوەرێ
دەیان تاوی گوێی نەمر جێدەهێڵن
وتیان گوێە کۆییەکان بگرن، بیان کوژن.
ئێمە تەنیا گوێی سەر مێزمان گەرەکە
بچن لە بازاڕی خۆفرۆشاندا بیکڕن
ئەو گوێزارانە وێران کەن
کە گوێا بۆ خۆیان ناگرن
وێرانە وێرانە وێران
ئەمێکە خاکی کوردستان
کە گوێی یاخی ناگرێ

وڕانەخاکە ئەو خاکەی
جێگای گڵی
شاعیرێکی گەلی تێدا نابێتەوە
جێگای دڵی عاشقێکی
خەمان گەستەی وەك منی تیا نابێتەوە
نالی، حاجی، شێخی سەنعان
ئەوانی تری گۆرغەریبان
وڕانەخاکە ئەو خاکەی
کرا بە جێی گۆڕپەرستان
کرایە جێی براگەورە و
سەری گەورە و
کەری گەورە
من گەورەکان ناپەرستم
بچووکەکانم خۆشدەوێ
وەك کانییەکەی گەران و
پێکەکەی دەستی خەیام و
گۆچانەکەی دەستی شارلی و
کەرەکەی حەزرەتی نالی
15
من وێاتکم بچییە
وەرزی دیار و نادیاری
تارمایی ئەژدیها و کابووسبێت
16
ئێستا گورگە چاوسوور و سەگە هاهێنراوەکان
کەبەیان لە شیعرەکانم گیرکردووە
دەیانەوێ جریوەکانی خەفەکەن
خێ من داود نەبووم کەچی
ویستیان گەرانی خودایان بێ بەم
کەی سروودی سرووەکان
لە ناو قەفەسدا وتراوە
کەی خوەی ئاو
لە ناو زەلکاودا خوەی دێ
کەی ئەهریمەن لە ژێر خەردا
بێ گوناهکاری دەگەڕێت
بێشە
ناهەقە
ناەوا

هەرچی هەیە لە سەر زەوی و
لە ژێر ئاسماندا بەتاڵە
ناهەوایە
بەتاڵە وەك
دڵی گورگەکانی جەللاد
ناهەوایە وەك کوشتنی شیعرەکانم
لە باخچەکەی جەللاددا دەستم برد بۆ گوڵێ
ئەو جەندرمەکانی خۆی نارده گیانم
لەپای گوڵێ هەزاران دڵکی قینیان
چەقانده ناو دڵی خۆم و شیعرەکانم
من دڵی دڵکاویم ناوێ
من خودایەکم…
من خودایەکم ئەوێ چەتە و شیعرکوژی
نەبێت و دڵی هیچ کەسێك
دڵکاوی و ژەهراوی نەکات
وتیان خودا
لە خشەی مار و مێروولەش ئاگاداره
کە چووم گلەیی لا بکەم
لەوێ نەبوو
وتم ئاسمان لە گیرفانی بەتاڵی من بەتاڵتره
وتیان بۆوانە حەلاج و
گیڤارا و
شیعرەکانی خۆت
خۆت لە هەناسەی ساردی من دەپارێزی و
ئەشارییەوە.
نەك ببێ بە گەردەلوولی ئەشقێك و
ئیتر ئەشق هاپڕچت کا و
بتباتەوە بۆ دۆزەخی دڵدارییەکەی جارانمان
بەتاڵە بەتاڵەبەتاڵا
کێ ئەم شووشانەی بەتاڵکرد؟
چۆڵێ نییە بیخۆینەوە
کێ ئەم هووبارانەی بەتاڵکرد؟
کێ ئەم ئاسمانە…
ئەم گەردوونەی…
ئەم ژیانەی بەتاڵکرد؟

ئابی 2017: نەرویج

ڕۆمانی(ژانرێک بەبێ خۆشەویستی)؛ جیهانێکی جادوکەیی: ... بەتان لەتیف عەبدولقادر

ڕۆمانی(ژانرێک بەبێ خۆشەویستی)؛ لەساڵی ٢٠١٥دا دەزگای غوراب بەبڵاوکردنەوەو دابەشکردن چاپ وبڵاوی کردۆتەوە. ڕۆمانەکە؛ ڕۆمانتیکیەو سەر بەئەدەبی ژنانەو، هەڵگری کۆمەڵایەتیە، کچێ نوسەری میسڕیی ئیسکەندەرانی "مونا مەنسور" نوسیویەتی، ئەم ڕۆمانە هەڵگری خەم وخولیای ژنانە؛ لەهەمبەر دەردەسەریەکانی ژیان وستەمی کۆمەڵایەتیدا، بوورانە؛ لەبارەی ڕووشی ژنان وگرفت وکێشە کۆمەڵایەتی ودەروونیەکانیان ئەدوێت. ئەمە؛ وەک هەوڵێک بە خستنەڕووی کێشەکانیان وهەوڵکیش بەدروستکردنی هەشیاریی مرۆیی وکۆمەڵایەتی؛ لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی ژن.

ئەگەر سەیری بنیاتی هونەری ڕۆمانەکە بکەین؛ دەبێت لەناونیشان دەستپێبکەین، ناونیشانەکە؛ لەدوو وشە پێکهاتووە، وشەی(أیام) بەواتای ژیانێک دێت کەبەناسراو(نکرة) هاتووە، لەگەڵ وشەی (حب) کەبەواتای خۆشەویستی دێت و، بەشێوەی نەرێ خراوەتە سەر وشەی(أیام) لەڕێگای پیتی جەر(ب) وپیتی نەرێ(لا)دا، ئەم وشەیش هەر ناسراوە، بەیەکەوە دێکرێت بخوێنین: ئەم ڕۆمانە؛ گێڕانەوەی ژیانی ئابردووی ژیانی کەسایەتی سەرەکیە، کەخۆشەویستی تێدا نیە، بەواتایەکی تر؛ ڕۆمانەکە؛ یاداشتنامەی کەسایەتی سەرەکیە کەلەژیانیدا تەماری کردوون.

ئەوەی پەیوەندی بەکەسایەتیەکانەوە هەیە؛ دەبینین کەڕۆمانوس بەچەند جۆرێکی جیا کەسایەتیەکان پێشکەش دەکات وەک وێڕکیان پێدەدات، ڕۆمانوس هەندێ کەسایەتی پێشکەشکردووە، ناوی کەسایەتی سەرەکی ناوی(ئیمان)ە، کەژنێکی بەبەشە لەسەزی باوکایەتی و، لەدوای مەرگی باوکیشی، لەخۆشەویستی براکانیشی بەبەش دەبێت، بەومانایەی براکانی سەرقاڵی ژیانی خۆیان دەبن، (ئیمان) کە سێ بۆ

هەیە(محمود، مستەفا وئەحمەد)؛ بەزار بەمەرد دەدرێت، بەپیاوێک بەناوی(سەلاح)، کەلەلایەن دایکی(ئیمان)و براکانی؛ بەکەسکی باش وگونجاوو بە کەشە وسفدکرێت، ئەگەرچی ئەو مەردکردن بە(سەلاح) نێت ناکاتەوە؛ بەڵام زەریشی پێ خۆش نیە، چونکە بەشوەیەکی کتوپڕ داواکەی لێکرا، دواتر کچێکی لە پێیا دەبێت بەناوی(سوها)، پاشان (ئیمان) زەر حەزی لەکاری پەشکەشکاریەو لەتەلەفیزیۆن بەرنامە پەشکەش دەکات، بەڵام وا پەدەچێت(سەلاح) زەر حەزی لە نەبێت، چونکە هیچ هاوکاری ناکات لەوەی منداڵەکەی(سوها) لەباوەش بگرێت وئاگای لێبێت، ئەمەش (ئیمان) پەست ونیگەران دەکات تا ئەو ڕادەیەی لەلای دایکی بەزاری پیشان بدات وداوای جیابوونەوە بکات لە(سەلاح)، بەڵام دایکی ئەمە ڕەتدەکاتەوەو پێی دەڵێ کەتە کەسکی لەخەبایی، یان ڕەنگە لەگەڵ پیاوێکی دی دەستت تێکەڵ کردبی، هەرچی (ئیمان)ە؛ ئەمە ڕەتدەکاتەوە، ئەگەرچی لەڵاستیدا لەگەڵ پیاوێک بەناوی(هیشام) پەیوەندی هەیە، بەتایبەت دوای ئەوەی کەلەتەلەفیزیۆن، بەمەبەستی ڕووماڵی کەنفەانسکی ئەدەبی شاند دەکرێت بە وڵاتی تونس، وەلە دایکی پێی دەڵێت: ئیمان؛ تۆ دووگیانی وپیرەزبایی لەدەکات.. ئەویش زەر سەرسام دەبێت، پاشان براژنەکەی(سەوسەن) پیرەزبایی لەدەکات، دواتر (سەلاح)یش پیرەزبایی دووگیانبوونی لەدەکات، هەرچەندە (ئیمان) لەلای سەیرە کەدووگیان بووە، چونکە بەردەوام حەبی ڕەگری لەدووگیانبوونی خواردووە، نازانێت کەجارێک لەبیری چووە.

لەڕووی ناولێنانەوە؛ ڕەمانوس ڕەنگە بەمەبەست ئەم ناوانەی هەڵبژاردبێت، بەنمونە (هیشام) بەمانای هەڵووەشێنەر و وردوخاشبوون دێت، ڕەنگە ئەمە لەشوێنی خۆی بێت، چونکە ژیانی ئاسایی(ئیمان) و(سەلاح) تێکدەدات، هەروەها واتای ناوەکە لەگەڵ ژیانی ژنەکە دەگونجێت؛ بەوەی ڕۆژگار دەیهاڵێت وبەبەشە لەخۆشەویستی باوکی وبراو، هاوسەرێک کەبەخۆی بەیاری لەدابێت وخۆشەویستی جوان هەبێت لەنەوانیان. هەرچی واتای ناوی(سەلاح)ە؛ بەواتای چاکەو چاککردن دێت، کەبەپێی دایکی(ئیمان) بێت؛ ناوەکە گوزارشت لەکەسایەتی(سەلاح) دەکات کەبەڕاست کەسکی باش وپاکە، بەڵام لەچاوی(ئیمان)ەوە وانیە، لەوەی ئەم پیاوە؛ ئەوە نیە کە ببێتە هاوسەری. هەروەها کەسایەتی(سوهەر) کەهاوڕێی زانکۆیی (ئیمان)ە، لەڕووگای ئەم کەسایەتیەوە؛ باسی شەڕی عێراق وکوێتیش دەکات، چونکە هاوسەری(سوهەر) بەکارکردن چێتە کوێت و، لەوێ دەژین. بەپێی ئەم ڕەمانە؛ ئەو کات سەرۆک کەماری عێراق؛ هاواری لەهەڵدەستێت وداوای ڕاگرتنی شەڕ دەکات، بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان لەلەشکری عێراق دەدەن ولەکوێت وەدەری دەنێن.

لەردا؛ کۆشەی کۆمەڵایەتی ناو خێزان باس دەکات، کە ئەمە وەکو ئەزمونێکە لەژیاندا، لەوەی دەکرێت مرۆڤ هەڵز لەیەکتر بگرن وژیانیان بەخۆشی وخۆشویستی وبە کۆشە ببنە سەر، هەروەک هەڵەی باوک بەرز دەنرخێنێت، چونکە سەزی باوک سەبارەکە بەسەر منداڵەکانیدا، ئەگەرچی کەسایەتی سەرکی لەم ڕۆمانەدا؛ لەی بەبەش بووە، لەدوای باوکێکی بەرپرسیش، هەڵی برا زۆر گرینگە، وەکو سایەڵک بە خوشکەکانی، چونکە ژیان بەرپرسیارێتیە، لەکەمەگا هەژهەاتیەکاندا؛ براە لەدوای باوک ئەرکی چاودێریکردن وبەرپرسیارێتی خێزانی دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەت هی خوشکەکانی، هەروەها ژنیش وەک بوونەوەرێک مافی ژیانێکی خاوەن وشیاوی هەیە، کەهەم هەڵی دایک وخوشک وخێزانیش دەگەڕێت و، ئەمەش گەوهەرێکە دەبەت هەزی لەبگرێت ولەئاستیدا بێت. هەروەها دایکایەتی بەئەرکێکی سەخت دادەنێت، چونکە پەروەردەکردنی منداڵی دەکەوێتە ئەستۆ، سەرباری ئەوەی ژیانی هاوسەری بەتەنیا لەبوارێکدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بەرپرسیارێتیکی مرۆیی وەهوشتیە، دەبەت بەهوشتەوە مرۆڤکان لەهاوسەرگیریدا بەرپرسیارێتیەکان هەڵگرن و، ژیانێکی شیاو بەمرۆڤبوون بژن، لەلایەکی دیکەوە باسی ژیانی هاوبەشیەتیش دەکات، کە دەبەت پەیوەندیەکەمەڵایەتیەکان هەزیان لە بگیردرێت ومافی خۆیان پێ بدرێت. ئیدی ئەم ڕۆمانە؛ جیهانێکی جاجاکەیە، تەکە بەچەندەها سەرداو پێکەوە گرێدراوە، خۆیاەکی بەربەرینی ڕۆمانوسە لەژیانی واقیعیی کەسایەتی سەرکی(ئیمان)دا.

گرێرەوە لەم ڕۆمانەدا؛ کەسایەتی سەرکیەو بەناوی کەسی یەکەم قسە دەکات، وەک ئەوەی هەموو شتێک دەربارەی کەسایەتیەکانی دیکە بزانێت؛ وەسفیان دەکات ودیاناسێنێت، بەیە لەرەدا؛ ئاستی زانیاریەکانی ڕۆمانوس(مونا مونسوە فەرماوی) وکەسایەتی سەرکی(ئیمان) وەکو یەک. بەڕای دوو کەسایەتی جیاوازن، واتا ڕۆمانەکە بەشێک نیە لەیاداشتەکانی ڕۆمانوس، دەکرێت سودی لەیاداشتەکانی هاوڕێیەکی وەرگرتبێت، یانیش بگشتی لەژینگەی ژیاندا کەکی وەرگرتووەو، ویستویەتی وەکو کچێک کۆشەی ژن بگشتی بخاتەڕوو، هەروەها پەنهانیەکانیان ودیوە شاراوەکانیان پیشانبدات، کەهەی دەردەسەری وکۆشەی زەرن لەژیاندا بیان.
هەرچی پەیوەندی بەکاتی ڕۆمانەکەوە هەیە؛ لەدوو ئاستدایە، ئاستی یەکەمیان؛ هەمان کاتی گێڕەوەیە، هەروەها ئاستەکەی تر؛ هی ڕوودانی ڕووداوەکانە، بگشتی ڕۆمانەکە باسی سەرەتای نوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەکات.

سەبارەت بەزمان؛ ماناکە بەزمانکی سادەی عەرەبی نوسراوە، هەروەها ماننوس هەژموونی هەیە بەسەر ماناکەدا، هەوێداوە؛ جەرە زمانکی شیعری پێببەخشێت.
ماننوس "مونا مەنسور" لەمانی(ڤەژانک بەبە خەشەویستی)دا؛ دەکرێت بڵێین: گەشتک بەلاپەڕە بەرایەکانی ژیانی ژنانی میسر دەکات و، لەچاوی (ئیمان)ەوە؛ ئەوە دەخاتە ڕوو، وەک ئەوەی بەناوی کەسایەتی سەرکیەوە قسە بکات؛ دیارە وێت بێت: لەتەنیایی بوونی خێدا بەهاو ڕاگری ژیانی هەر دایکیەتی، هەروەک ئەوەی ئەم سەرنجە خرایە؛ بەگەڕانەوەیکی ڕاشکاو ناخاتە ڕوو، بەکو وەکو پردکی پێیزە هەوەریو، وەکو هەماو ئاماژەی ئەوەی ئەو لەم تەنیاییدا؛ هەگری لەپێوندیە ساردو سڕکانی ڤەژگاریش دەخولقێنێ، بەیە ئەم هەگریە؛ بارگاویە بەزەر ئاماژەی ناڕوون، هەر ئەوەیە کە کچێک لەتەمەنکی هەکشاودا؛ لەژانی دەروون وئازاری هەستدا تابلەی دایکی جارکی دیکە دەکاتەوە بەپێکەنینەکی خەمەشی، پێکەنینەک وەک هەناسەی مەردوو لەگەڵ بەختی وەخەبەر نەهاتووی خێدا. لەماناکەدا؛ بوەری وڕاشکاوی هەدەهێنجرێت، ماننوس سەرکەوتوو بووە لەپێشکەشکردنی بەچوونکەی لەگای نوسینی هونەری ماناو، توانیویەتی گوزارشت لەژیانی کەمایەتی خەزان وناخی ژن بکات. دەکرێت بڵێین: ماناڤەژانک بەبە خەشەویستی"؛ جیهانکی جاجاکەیە؛ لەخیاڵی "ئیمان"دا.

"مونا مەنسور فەرماوی" چیەکنوس وماناوسکە میسیە، خەکی شاری ئیسکەندەریە، ئەندامی یەکێتی نوسەرانی میسەو، یانی بولکلی ڕەشنبیریە لەئیسکەندەریە، هەروەها ئەندامی تەی ئەدەبی ئیسلامی جیهانی ویانی چیەکی قاهیەیە، هەروەک ئەندامی تاقیگەی گەڕەوکانیشە لەپەرتووکخانەی ئیسکەندەریە. لەژنامەو گەڤارە پەڕاوو ئەلیکترۆنیەکانی میسەو جیهانی عەرەبیدا شتکانی بەاودکاتەوە، خاونی سە کەمەڵە چیەکە بەناوکانی"لەپەناو کوشتنمدا گەرانی دەیم، ئەوەی ماوتەوە بەم، فرمسکەکانی دەپە شەونم"، هەروەها دوو ڕەمانیشی بەاوکردتەوە بەناوی"خەونی باوکم، ڤەژانک بەبە خەشەویستی".

بەتان لەتیف عەبدولقادر
هەولێر ٢٠/٧/٢٠١٨

کەسێك نییە وەنەمان بگرێ ؟ … شیعری: ئیبراهیم هەورامانی

(1)

•

کە دایکم مرد ،
مێخەك بەندەکەیم خستە گۆەکەیەوە .
تا بەهەشت ،
بێنی مێخەکی لێوە بێ .

****

(2)

•

وەرە نێو خەونمەوە
لەوێ ،
پێلیس نیە.

****

ێ (3)

•

تامی چەند شیرینە ،
گێلاس ،
وەك خەندەی تێ.

(4)

•

شیعر دەنوسم ،
ئەمە بیانویەکی باشە ،
بێئەوەی بزانیت
تێم خێشدەوێت .

****
(5)
•
چەند ئاوازێکی خۆشی هەیە ،
دەنگی تۆ .
کاتێك دەڕۆ :
سڵاو…

****
(6)

•
کە تۆ ڕۆشتی
پاییز هات .
هەنگ زەرد مامەوە .

*****
(7)

ڕ
•
تەواوی دڵم بەخشیوە بە تۆ
کاتێ دەڕۆی ،
بیرت نەچێ
ئینسان ،
بەبێ دڵ ناژی .

******
(8)

•
هەناسەی ساردم
هێندە بەسە ،
دونیا بکاتە بەستەڵەك .

****
(9)
بۆ شیرکۆ بێکەس

بەمردن بۆن :
بە بێ شەرکێ ،
چەند ،
بێکەسین .
ئای چواری هەشت !!

****

(10)

•

ناوت ،
لە پارچە کاغەزێك دەنوسم و
لەنێو پەیەکی سەوزدا
دەیکەم بەیەخەمەوە .
تا لەم دەردی ،
تاعەونە بەدوور بم .

(11)

خەزگە ،
دەم دەهات .
پێیەکانتم لێدەکردەوە .
تا بیر لە هێشتن نەکەیتەوە .

******

(12)

چاوی بێیوەتە ،
چاوانم .
دەزانێ تەنیام
بەکامی دێ لێم دەڕوانێ ….
دەیەوێت
لەوە بگات ،
بۆچی تەنیا بومەتەوە .؟
ئەو پشیلەیەی ،
برستی گەیاندویەتیە ماڵی من .
برستی بیر چێتەوە و
لێم دەڕوانێ .

******

(13)
تۆ دەڕی ،
من دڵم دەشۆ .

تەموز – ئاب \2018 هەڵەبجە

پێش 53 ساڵ لەم ڕۆژەدا گیرام ... ئەحمەد رجەب

ئەم ڕووداوە لە دەربەندیخان بە ڕووداوی تانکەکە ناسراوە.

لە تەکەشاندا لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەل و دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ گەلانی ترو مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز ژمارەیەکی زۆر خۆیان بەخت ئەکەن و ئەبنە قوربانی و شیوعییەکان و چەپەکان لەو بوارەدا ڕۆڵی سەرەکییان نواندووەو پێشەنگ بوون.
لە درێژەی کاروانی تەکەشانداو، لە گەرمەی ئیشوکاری ڕێکخراویی حزبداو، لەم ڕۆژەدا پێش {53} ساڵ لە لایەن ئیستخباراتی کەتیبەی (32) ی سوپای عێراق بە هاوکاری بەریوبەرایەتی ئاسایشی دەربەندیخان و، لە ماڵی کەسایەتی نیشتمانی و شیوعی ناسراو تەکەشەر { حسەن حاجی کەریمی زراب، بابی شەهید (ڕەفیق) لە دەربەندیخان گیرام.
لەو ڕۆژانەدا بەرپرسی ڕێکخراوی دەربەندیخان بووم و، ڕۆژکیان هاوڕێی تەکەشەر عەبدوڵای مەلا فەرەج قەرەداغی { مەلا عەلی} نامەیەکی بۆ ناردم لە گەڵ پسووڵەی گواستنەوەی محەمەد ناوك (ڕەیس عورەفا) لە کەتیبەی (32) لە دەربەندیخان.

پسووڵە تایبەتییەکەی محەمەدم وەرگرت و، بەشیوەیەکی زیرەکانە چاومان بەیەکتر کەوت و، دیار بوو محەمەد زۆتە و وریایە، بۆیە پێش ئەوەی بیخەینە ناو ڕێکخراوی تایبەتی سەربازەکانی تر لە کەتیبەی 32 و بەتالیۆنی دەربەندیخان، داوای زانیاری زیاترم لە مەلا عەلی کرد.
دەربەندیخان بە هۆ بەناوەکەو شاخە بەرزکانی لە ڕووی

سەربازییەوە شۆڕشکی ئیستراتیجی گرنگ بوو، کەتیبەی 32 بە فەرماندەیی موقەدەم کەمال ئەحمەد ئەلراوی و، بەتالیۆنی دەربەندیخان بە فەرمانەیی جەمیل ئەلشێخلی تیادا جێگیر بوو بوون و، سەبارەت بە هاتنی محەمەد گوماناوی بوو، دڵنیا نەبووم بخرێتە ناو رێکخراوی سەربازەکان و، هەر لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا لە ڕۆژی 7/8/1965 گیرام.

ئەمە وەك حزبی شیوعی عێراق لە چەند شۆڕشکی کوردستان لە شارشی ئازادیخوازانەی کورد بەشدار بووین و، لقی {10} ی تێکۆشەر لە قەرەداغ بوو، نزیکترین هێزی پێشمەرگەی حزب بوو لە ناوچەکەدا، هاوڕێ مەلا عەلی بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوەکانی حزب و، هاوکات سەرلقی لقی {10} بوو.
لقی {10} وەك هێزکی پێشمەرگە پێویستی بە زۆر شتومەك و کەرەستە هەبوو، وەك دووربین و تەقەمەنی و تفاقی سەربازی و، بۆ ئەو مەبەستە قسەمان لە گەڵ ڕەیس عورفا محەمەد کردو، ئامادەیی پێشاندا بەرامبەر نرخکی کەم و، لە کۆبوونەوەی داهاتوو لە بروارى 7/8/1965 هەندی شتومەکی هێناو، بە هاوری حسەین ڕەوانەی جییەکی ترمان کردو، بە هاوری حسەینم وت لە مامرستا غەریب حەمە سەعید ئەندامی لێژنە لە دەربەندیخان هەندێ پارە لە بری ئەو شتومەکانە بێنێت.

لە گەڵ دەرچوونی هاوری حسەین لە ماڵەوەو، لە پاش ماوەیەکی کورت هێزکی سوپاو ئەفسەرێك و، تاقمکی ئاسایش و مفەوەز غالب و، موختاری شار شیخ محەمەد مەلا قادر بانیخێڵانی هەیانکوتا سەر ماڵی هاوڕێی تێکۆشەرو، یەکسەر ئەفسەرەکە زلەیەکی کێشا بە بەناگوێی ڕەیس عورەفا محەمەدو کەوتە لێدانی و، فەرمانیدا بە سەربازەکانی بە مردووی بێبەنەوە بۆ کەتیبە و، لە منی پرسی نەخشەی چیتان ئەکێشا؟ منیش وەڵامم نەدایەوەو، زانیم ڕەیس عورەفا محەمە توانی خۆ بخزێنەتە ناو ڕێکخراوی حزبمان و، ئەفسەرەکە کێشای بە سەرمداو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و، منیش زۆر بە هێمنی وتم: من بەرەو ماڵەوە بۆ کەمپی خوار ئەرێشتم و ئەو کابرایە کە لە گەڵ سەربازەکانت بۆ بارەگای کەتیبە ناردتەوە وتی: ئەمەوێ لەم ماڵە {بێستانەکەی تێکۆشەر حسەین} تەمانەو بامیەو سەوزە بکرم ئەتوانی یارمەتیم بدەی لە وەرگێران چونکە کوردی نازانم.

ئەفسەرەکە وتی: کوا ئەو شتومەکانە کە ڕەیس عورەفا محەمەد بۆتانی هێنا؟ و، بە سەربازەکانی وت: ماڵەکە ببشکێنن و، سەربازو موختارو ئەمنەکان کەوتنە بشکنین و ماڵەکەیان ژێروبان کردو تووشی شك هاتن

و هیچیان نەدزییەوەو، ئەفسەرەکە تووشی شەژان بوو و، داوای کەرەستەکانی ئەکرد بۆ ئەوەی بیگەڕێتەوە بۆ کەتیبە و، لە باوەڕەدا نەبوو شتەکان بەو خێرایە گواسترا بێتەوە بۆ شوێنکی ترو، لەوێ (زانیم نەخشەی شانگەریەکی کرچوکاڵیان دارشتەوە بۆ گرتنم و نهێنییەکانی حزب بدرکێنم) کاتێك زانی وەڵامم نییە کەوتە لێدانم و بە تووڕەییەوە بە تاقمەکەی وت: لێدەن و بیبەن بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکەو، لە ماڵ حاجی حسەن هاتینە دەرەوەو، بە شەق و زللەو بۆکس بە تەنافەکانی گەرماوەکەی حاجی تالیب کۆکسی دەست و قاچەکانم بەستراندەوەو، بە ڕاکێشان تا لای زیلەکە کە لە بەردەم یەکەمین مزگەوتی ئەوسای دەربەندیخان وەستا بوو بردمیان و، فرێیاندامە ناو زیلکەو دەم وچاوو ڕوومەتم سووتاو، لە بەر ئەوەی لەشم و قاچ و دەستەکانم بەستراباوونەوە نەمتواتی لە گەرمای پلێتی زیلەکە ڕزگارم بێت و، بەو شێوەیە تا کەتێبە مامەوە.

لە کتیبە بردمیانە ژورەکەی فەرماندە ولەوی موقدەم کمال الراوی وتی: ئەمناسی؟ وتم: گرنگ نییە بتناسم یان نەتناسم بەڵام ئەمەوێت بزانم بۆ منتان گرتووە؟ فەرماندە پێکەنی و وتی: ئەگەر یارمەتیمان بدەیت و لە گەڵماندا ڕاستگۆ بێت یەکسەر بەرەڵات ئەکەین و، نەوەستاو پرسیاری کردو وتی: ئەندامانی ڕێکخراوی حزبەکەتان لەم شارە کێن؟ مەبەستم ڕێکخراوی حزبی شیوعی عێراقە؟ و، ئەندامانی هێڵی عەسکەری کێن؟ پەیوەندی بە کێوە ئەکەێت؟ ناو بەرپرسەکەت چییە؟ ئەرکی هێزەکەتان لە ناو بزوتنەوەی ""یاخیبووی کورد چییە""؟ جموجۆ و چالاکی لقی {10} چییە؟ و، هەندی پرسیاری تریش و، لە وەڵامدا وتم: من بە ڕێی خێم ئەڕێشتم لە پر ڕەیس عورەفایەکم دی و، وتی ئەتوانی یارمەتیم بدەی لە کرینی تەماتەوەوسەوزە بەڵام تۆ لە بارەی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی عێراق پرسیار ئەکەێت ، من هیچ زانیارییەکم نییەو نازانم لقی {10} چییە.
موقەدەم کمال الراوی وەك گای تێر لە شوێنەکەی خۆ هەڵساو بە نەرم ونیان وتی: من ئازادت ئەکەم ئەگەر بڵێت: ئەو (ماڵە جێی خراپەکارییە) و، منیش یەکسەر تەقیمەوە وقیراندم و وتم: کمال الراوی ئەزانێت کام ئافرەت خراپکارو سووکە؟ جارێکی تر وەك شێت و بە تووڕەییەوە وتی: کێیە؟

منیش وەك لاوێکی خۆن گەرم و ڕاشکاوانە وتم: ژنی ئەو ئەفسەرانەی کە دێنە کوردستان بۆ کوشتنی گەلێکی بێوەی، لەوێدا عروبەچی کمال الراوی خۆ پێنەگیراو، بە دەمانچەکەی هات بە سەروگوێلاکم و خۆن بە ناوچاوانمەوە هاتە خوارەوەو، بانگی ڕەیس عورفا محەمەدی کردو

وتی : بیبەن بیکوژن و، هەر لەو بە لولەی تانکێك هەلیانواسیم و، بە شوێ بە سەرپەرشتی محەمەد کەوتنە لێدانم و، پاشان دەستمیان بە ئێتێمبێلك و قاچەکانم بە ئێتێمبێلێکی تر بەستەوەو بێ ترساندنم، کراسەکەیان لە بەرم داکەندو، لە پاش لێدانم و بێ پشوودان جگەرەکانیان لە سەر پشتم و جاروبار سێنگم دائەنا (باشترین تەپەك) یان دزێیەوە، لە پاش چەند ڕۆژێك ێیدانی وەحشیانە بە ڕەتێکی عەسکەری (قافڵە) لە دەربەندیخان گواستمیانەوە بێ جەلەولاو پاشان بێ
سەربازگەی سەعەد لە باقوبە و بەغدا و کەرکوك و سلێمانی.
زیندانی سلێمانی لە چاو بەغداو کەرکوك وەك (بەهەشت) وابوو، لە سلێمانی ئاگادار کرامەوە لەگەڵ مام هوسەینی هۆرێنی و حاجی محەمەدی کەریمی زێراب ئەدرێن بە دادگای عەسکەری و ، ئێمکانە من سزای لە سیدارەدان بدرێم ئەگەر بەڵگەیان دەسکەوێت کە من لە گەڵ حزبەکانی دژ بە ڕژێم هاوکار بم، بە هوێ شەرکردن لە گەڵ یەکێك لە سەرسەرییەکان بەناو (عمر بەهاو) و خاینێکی ڕووڕەش بێ کەرکوك گواستمیانەوەو، زیندانی کەرکوك (تەویلەکە) بە پێی ڕاپۆرتی ڤێتەنەری (بیطرە) دەستنادات وێاخ تیادا بژێ کە چی (600) کەسی تیا بوو.
کمال الراوی دەرکەوت سیخوری ئیسرائیلە لە تاقمەکەی یوسف زەخا، لە بەرەکانی شەر لە سوریا بە جلی خەو (پیجامە) هێنایانەوە بێ بەغدا و ولە پاش سزادانی گوللە باران کراو، لاشەکەیان لە مەیدانی ئازادی (باب الشەرجی) لە ناوەراستی بەغدا هەڵواسی.
نەمری بێ تێکۆشەر حسەێن حاجی کەرەم زێراب. سەربەرزی بێ تێکۆشەری بێ هاوتا رابیعە خان داێکی شەهید رەفیق.
مردن بێ دوژمنانی شیوعییەت.

ئەم بابەتە بە عەرەبی لە 7/8/2005 بڵاو کراوەتەوەو، لە سەر ئەم لینکە:
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=42778

7/8/2018

بە ژێنگاێ ... ع. سەرکەش

کاتێ شانۆیی داعش هات
لەگەڵ هەناسە سواریتان هەناسەم تووند دەبوو
لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێتان زەندەقم دەچوو
لەگەڵ هەنگاوەکانتانا ئام ئەکرد و
شپرزە دەبووم
چونکە ئەو چاوترووکانە
ئەوسا
نەخوا لەوە بوو
نە فریاد ڕەسێ

کە شانۆیی داعش هات
لەگەڵ ئەو دەکوژرام و گوڵباران دەکرام
لەگەڵ ئەو ئێتک دەکرام و
گومم لە ئەللاهو ئەکبەری
تێگە داوەن پیس و
تێگ گرگنە دەم بەگەنەکان دەبوو
هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ کچێڵ و
لەگەڵ کوێژگە جوانکیلە
دە پە ترس و
چاو پە ترس و
ڕەحچووەکانتانا هەڕاج دەکرام و
دەکەڵام و
دەفرۆشرام و
دەکرام بە کیلە
دەبووم کیلە
کەچی خوا لەوە نەبوو
نازانم مردبوو
نازانم چاوەکانی مجرە ببوو
نازانم گوێچکەکانی کەڕ و کوند ببوو
نازانم زمانی شکا بوو یان لاڵ ببوو لاڵ!
ئەم دونیایێ، بە خودایێش
خەڵکی ئەم دونیایێش مردبوون
چاویان کوێر و مجرە
گوێچکەیان کەڕ ببوو

زمانیان شکا بوو … بە بە
نازانم بە

کە داعش هات
وەکو ئەو
وەکو خەم
کە تەگە داوەن تەکان
داوەنی پیسیان
لە پاکیزاکانتان هەدەسوو
لە ڕەحی منیش دەپەین!
ئەوەی ئەوان دەیان کرد
ئەو فەرمانەی ئەوان دەیاندا
بە سەر ژەنگاە
بینینم و ئەوسا زانیم
خوا نەمابوو
چاوی کوەر و مجرە ببوو
دەی لە ژەر پەی شمشیر بەدەستانی بیابان، لە گیانەا بوو
لە ئاوزینگدانی دوا هەناسەی بوو

کاتە شانەوەی داعش هات
ئەوە ڕاتان دەکرد و
برسی بوون
ئەوە ڕاتان دەکرد و
تینوو بوون
ئەوە ڕاتان دەکرد و
جە و جانەوەری ئال سعوود و
سوەتانی تورکان
بە دواتانەوە بوون وەک شانەوە
منیش وەکو ئەوە سەرا سیمە
لەگەە ئەوە ڕام دەکرد
ئەزانم
خوا لەوە نەبوو
تا فریامان کەوە
تەنیا شاخ و
تەنیا ئاسمانی چیا ژەنگاە مابوو
تەنیا ئاسمان و چیای ژەنگاە پشت و پەنا بوو
ەووی تیبکەین.

ع. سەرکەش
ئوپسالای سوید 2018.08.06

داکۆستا ...دەشاد تاقانە

ئەی داکۆستای ژیان و یەکەم وشەی زمانم
فڕێت کردم چەن دەبێ خەشمبوو نیشتمانم

بەدادە دادە و بابە هەردەم قسەت پێکردووم
فێری ئاکاری چاکو بەرەو مەزناتیت بردووم

بەتامی شیری مەمەت تاتی چوونە سەرپێیان
بووم مرۆڤی بەخشندە خاوەنی پێگە و جێیان

تۆ شانازی و نیشانەیت لەسەر سینە و دەمدا
هەرچی لەتوانات دابوو بەخشیووتە بەمنتدا

بۆیە لە ئاستی وەفات سەرمت بێ دادنوێنم
بەهیوای بەخشینی تەم پێیامت بۆجێ دێنم

دەشاد تاقانە

ئەفسانە ... چرێ زەند

نامەیەکی خەشەویستیم بۆ نووسی
چاوەڕێم وەڵامم بدەیتەوە
ژمارەی تەلەفۆنەکەت لە لیستی پەیوەندیدایە
هەرگیز نایسڕمەوە
چاوەڕوانی ئەفسانەیەکم، گەر
هەڵێ، ساتێ، تەنها جارێ

تۆ وەڵامم دەیتەوە

03/08/2018

zandchro@hotmail.com